
Alay Soory Kurdaity

# ئاڵای سووری کوردایەتی

ژمارە
٢٨

ئەیلوولی
١٩٨٤

ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک



## پێش ئەوەی هەرشتێ بین دەبێ.. کورد بین..

| بابەت | ناوەرۆک | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| سەر ووتار | ئەیلوول هەمیشە ڕەمزی ڕاپەڕین و زیندوێتی نەتەوەکەمانە. | ١ |
| ڕازێکی کوردانە | هەڵبژاردنێکی نا "جوامێر" انە لە (دووریان)دا !!!. | ٥ |
| مشتەی ناو هەمانە | هاوبیران...دۆستان... | ١١ |
| بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە | هاوبیرانی بەڕێزوهێژامان | ٢٩ |
| قوتابخانەی پاسۆک | گەمەی مفاوضات !! | ٣٢ |
| بەڕێزی ئازاد | نامەی مەکتەبی سیاسی بۆ (ڕەوەند کوردستانی) | ٣٨ |
| | نامەیەکی کراوە بۆ داگیرکەران، شێعر،عبداللە پەشێو. | ٤٧ |
| ماڵاوا... | صەدام"حەکەم"! گورگ پاسەوان! شوان دانی لەگۆشت جیرە! | ٥٠ |

# سەر ووتار

## ئەیلول هەمیشە رەمزی ڕاپەڕین و زیندوێتی نەتەوەکەمانە

شۆڕشی گەلاوێژی ١٩٥٨ ئەڵقەیەکی زنجیری پەیمانی (سەعد ئاباد) و (سەنتۆ) و هاو ئاهەنگی ی داگیرکەرانی کوردستان، کەبەدەوری نەتەوەکەمانیاندا کێشابوو، شکاند.. بۆ یەکەمین جاریش لەیەک لەو وڵاتە ئیستعماریانەی کوردستانیان لە نێو خۆیاندا دابەش کردبوو بوون و مافی ژیانی نەتەوایەتی گەلی کورد بەڕەسمی ناسرا و لەدەستووری کاتی جەمهوریشدا دان نرا بە هاوبەشێتی عەرەب و کورد لە عێراقدا، کەهەمووی پێکڕا دەیکردە دان نان بە بوونی نەتەوایەتی کورد دا ... ئازادی و سەربەستیەکی، لەقەدەر ئەو ڕۆژە باشیش درایە گەلی عێراق و گەلی کوردیش بشکی خۆی تێدا بەکار هێنا، بارزانی و هاوەڵانی گەڕانەوە وڵات و ڕێ بە پارت و ڕێکخراوە کوردستانیەکان درا کە چالاکی خۆیان لە چوار چێوەی دەستوری عێراقدا بگێڕن و ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی کوردی کەوتنە بازاڕەوە.....بەگشتی ئاهێکی چاک بەبەر کورد و کوردایەتی دا هاتەوەو لە هەمووی گرنگتر عێراق لە بازنەی نفوزی راستەو خۆی ئیمپریالیزمی خۆر ئاوا دەرچوو و ئیمکانی گەلە کۆمەو گەمارۆدانی کوردو کوردایەتی لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە ـ تاڕادەیەکی زۆر ـ دوورکەوتەوە، کەئەمە بارو هەل و مەرجێکی لەبارو گونجاو و چاکی نایە بەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کە بەخۆیدا بێتەوەو بتوانێ هەنگاوی نیمچە مسۆگەرو ڕاست بەرەو

ئامانجە ستراتیژیەکەی نەتەوەی کورد هەڵێنی، ئەگەر ڕابەرانی ئەو ڕۆژەی بزووتنەوەی کوردایەتی لە ئاستی ئەو ئەرک و پێویستیو پێداویستانەی گەلی کورد دا بوونایەو ئەو هەلەیان بەفیرۆ نەدایە، کە دواترو لە ڕاڕەوی مەسیرەکەدا دەرکەوت جگە لە بارزانی خۆی و کەسێکی کەم.

ئەو سیاسەتچیانەی ئەو ڕۆژە سەرباری کورت بینی و هەلپەرستی و نا انسجامی و نهلیستیەتو بێ باوەڕیان هەموو شتێکیان دەکردە قوربانی بەرژەوەندی تەسکی شەخصی خۆیان و ئەو گیان نیشتمان پەروەری و ئایدیالە بڵندەیان نەبوو کەمەرجی هەرە پێویستی ڕابەرایەتیەکی سەرکەوتوو بووە لەو ڕۆژە سەختو ئاڵۆزو چارەنووس سازانەدا ..وئەگەر ئەو التباساتو تداخلاتانەی هێزە پێشکەوتووەکانی عێراقی نەبوایە، دیاردەکانی و سەرکەوتن و دەستکەوتە کەم تەمەنەکان نیگای لێڵ نەکردنایە و بەرەیەکی پێشکەوتوو لە نێوان کوردایەتی و ئەو هێزە پێشکەوتووانە دروست بوایە دەتوانرا بەر بە تەیاری شۆڤێنی عەرەبی و کۆنەپەرستی و گومڕایی عەسکەر تاریای سوپا و گەڕانەوەی نفوزی خۆر ئاوا ( بەبەرگو عینوانی دیکەوە) بگیرێت و ( عبدالکریم قاسم ) یش شێت گیرو سەقەت نەبێت کەبەگژ هێزە دیموـ کراسیەکانی عێراق دابێتەوە ـ کە هەر ئەو هێزانە رصیدو پشتیوان و دۆستی بوون ـ و پەلاماری کورد بدات و رەگەز پەرستانی عەرەبی بیکەن بەگژ کورد دا هەم ئەوی بێ لاواز و وەتاق خەنەوەو هەم بەری تەوژمی کوردایەتیش بگرن!وپاشان ئەویش ( و هەموو ئەفسەرو عونسرە نیشتمان پەروەرو پاک دامێنەکانی دیکەی سوپا ) پاکتاو کەن و بەمە سەرپاک سوپای عێراق بکەنە دەزگایەکی داپڵۆسێنەری ، شۆڤێنی، دژ بە

گەل و بڕندە ترین سەرەنێزەی دیکتاتۆریەت لە عێراقــدا ،
ئەم هۆیانە پێکڕا زەمینەی ئەوەیان خۆشکرد کە بەهـــاری
کوردایەتی ( ئەو ڕۆژەی عێراق) زستانێکی سەخت و تووشـی
بەدووداً بێ و پێش وەخت و پێش گەلاڵە بوون و خەملێن کەرەسی
لەسەر خۆکردنەوەو بەرگری کوردایەتی پەلاماری گەلی کــورد
بدەن و ئەو دەرفەتەی هاتبووە پێشی تەسک کەنـــــەوەو
دەستکەوتەکانی لێ زەوتکەن و هەتا لەجاران بەد تــــرو
درندانەتر و ڕەگەزپەرستانەتریش قەستی بوونی نەتەوایەتی
بکـــەن.
گەلی کورد، تا دوا پشووی ئیمکان بووی ( تحمل)خۆی ڕاگرت.
بەلام کە کار گەیشتە شوێنێ دەبوایە یان تەسلیمی بــێ
قەیدو شەرتی دیکتاتورو شۆڤێنێتی عەرەبی بێ یان دیفـــاع
لە خۆی بکات ... ڕێگەی هەمیشەیی خەباتی کوردایەتی،شۆڕش و
خەباتی چەکداری - گرتەبەرو لەئەیلولی ١٩٦١ دا ناچار کـرا
دەستبداتە چەکی ڕەوای دیفاع لە خۆ کردن و بلێسەی گەورە
ترین و بەربلاوترین شۆڕشی سەردەمی بلند بووە، کە هــەر
زوو بە زوو جەماوەری کوردی زەحمەتکێش و ستەمدیدەوهەمـوو
دلسۆزانی نەتەوەکەمان لەژێر ئالاکەی دا خڕبوونەوە... جە-
ماوەری کورد بەچەکی بڕندەی کوردایەتی و باوەڕی لەبــــن
نەهاتوو بەڕەوایەتی مەسەلەکەی بەرەنگاری هۆردووی بــێ
ژمارەو پڕچەک و تەیاری داگیر کەر بوونەوە، کەبەدرێژایــی
سێزدەسالّ چۆکیان بەچەندین حکومەتی ئیستعماری عێراقــی
دادا و زۆر جاران ناچاریان کردوە کەدان بەبوون و مـــافو
ڕەوایەتی مەسەلەکەماندا بنێن، ئەگەر چی وەک هەمیشـــەو
عادەتی خۆرسکی داگیرکەرانەو ئیستعماریانەی هەمـــــوو
فاشیست و ڕەگەز پەرستێ لێ ی پاشگەز بوونەتەوە...بەلام

ئەگەر خۆرکەی ناو خۆ و پوازی کوردی و تابوری پێنجەمـــی ناپاک نەبوونایە تا دوا گرێ چۆکی هەتا هەتایی بەداگیـــر کەر دەداو ( سەربەخۆیی و ئازادی) کورد بەدی دەهات .
بام شۆڕش نەیتوانی بگاتە دوا پلەی ئامانجی دیاری و بـــە پیلانێکی نێو دەوڵەتی و کۆمەکی کەڵەکە بوونی چەندین هۆ و هۆکاری سەلبی نێو خۆ هەرەسی پێ هات ، بەڵام دایانـــی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی سەردەمی نەتەوەی کورد بووەو هەر ڕێچکەی شکاوی ئەو شۆڕشە مەزنەیە کە ئیمڕۆکە پڕیشکـــی هەموو کوردستانی گرتۆتەوەو تا سەرکەوتنی ستراتیــــژی کوردایەتی و بەدیهێنانی ( سەربەخۆیی و ئازادی) هەر تاوو بڵێســـــە دەسێنی.
لەیادی بیست و سێ ساڵەی ئەو شۆڕشە مەزنەدا کە حیزبی ئێمە کردوویەتیە سەرەتای ڕسکانی و یادی نۆیەمین ساڵــی دامەزراندنی حیزبمانە، سەری نەوازش بۆ گیانی پاکـــــی شەهیدانی کوردایەتی و پاسەوانانی شەرەفی میللیمــــــان دادەنەوینین و ئەیللول هەمیشە ڕەمزی ڕاپەڕین و زیندوێتی نەتەوەکەمان دەبێ.

# رازێکی کوردانە

* هەڵبژاردنێکی نا "جوامێر"انە لە (دووڕیان)دا !!!*

حورمەتی ووشەی پاک و شۆڕشگێر و دڵسۆزی کوردیـیـە لە ئاستـهـەر بەرەو ژێر بوونەوەی ووشەیەک بەدەنگمـان دێنی، یەک لە شانازی و سەروەریەکانی نەتەوەکەمان ئەوەیە بەئەندازەیەکی زۆر دیاری ئەو دیاردەیە لە نێو باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕەق و ووشک و گەمارۆدراوی کوردە ـ واریدا بەدەرکەوێ کە هەمیشە ووشەی کوردی جەنگـیـاوەرو شۆڕشگێر بووە، شمشێری هەردەم هەڵکێشراو بووە بەڕووی دوژمنان و داگیرکەرانماندا، لە ئاست شەرەفی مەعنـەوی چەک بەدەستانی ووشە هەموو شتێ بچوک و نادیار و بـێ حسێب بووە، جگەلەتاک و تەرایەکی زڕک و زڕی دوای ناوە ـ ڕاستی شەستەکانی ئەم سەدەیە، کە ( جاش عەقائیدی)یەتی تێدا سەری هەڵداوەو بەدوای ئەمەدا هەندێ پێنووسی لەرزۆکی ترسنۆکی، دەم ڕەش خۆیان کردۆتە دارشەقی بن هەنگڵـی شەپلەلێدراوی ئەو ( جاش عەقائدی)یەتە!، کە هێنـدە ڕوو زەردو عەیبدار بوون کەم وابووە لەژێر ناوی خۆیاندا ئـەو زەرداوانە هەڵێننەوە!... هەمیشە پێنووسی ووشەی کـوردی سەر بڵندو دوند بووە... ( بێ کەس ) ی بێ کەسی ی بـەڕووی ئەدمۆنزدا هەڵشاخاندۆتەوە... ئەو شـەرەفە بڵندەی ووشـەی کوردی لە کەسێکی وەک و ( ئەحمەد موختار جاف ) دەردەکەوێ کەلەگەڵ هەموو ناحەزی و نەیاریەکی بنەماڵەکەی لەگـەڵ شێخی مەزندا، کەچی یەک بیتی بێ حورمەت و سووکی بەرانبەر شێخ بەسەر پێنووسەکەیدا نەهێناوە.

بۆیە بە ڕاستی ووشەی کوردی پێناسی ( شەرەفی میللی کورد ) هەڵدەگرێ و مەگەر هەر ئەو بێت ، لەسەر تا سەری شتەکانی دیدا ، بێ ئارەقی حسێب دەربازبێ.

ئێمە لەبەر خاترو ڕێزی ئەو دابەو هەمیشە بڵندو پاک ڕاگرتنی ووشەی کوردی یە کەلەبەرانبەر پێنووسی شاعیری شێعری " دووڕیان" دا هەڵدەسڵەمێینەوە ئەگەر چی باوەڕمان بەوەیە کەس ناتوانی و بۆی نی‌یە بازنە بە دەوری شاعیردا بکێشی و لە کەسیش ناسەلمێندری ببێتە (جدانۆف) ی ووشەی کوردی، بەڵام کەسیش ناتوانی لە ئاستی تەڵەی ووشە بێ دەنگ بێو کەسیش مافی ئەوەی نی‌یە ووشە بکاتە دێوجامەی ڕاوە جەماوەر!.

ئەوانەی بە قسە بە دیواری مەرگدا هەڵدەزنێن،ئەوەیان لێ داوا دەکرێ کە ووشە نەکەنە پەتک و پێ ی شۆڕببنەوەبۆ دامێنی زەلکاو!. ئەوانەی ووشەی کوردی متمانەی پێ کردوون و خۆی بەدەستەوە داون دەبێ ئەوەندەیان وەفا بێ ئەو ووشەیە هەراج نەکەن و نەیکەنە داوی خۆبەدەستەوە دان ...

" شاعیر نابێ وەک و هەندێ کەس هەن کە قسە دەکەن بۆیە قسە ناکەن چونکە بیرێکیان لە مێشکدا کۆبۆتەوە، لەبەر ئەوە قسە دەکەن چونکە سەری زمانیان دەخورێ" ، وابێ ئەگینا دەبێتە شایەر، شاعیر نابێ تف لە ڕابردوو، لە سەرچاوە، لەباوەڕ، لە ئایدیاڵ، لەخۆی و ڕابردووی بکا، حەمزە تۆف دەڵێ: ( ئەگەر دەمانچە بە ڕابردووتەوە بنێ ی، دوا ڕۆژ تۆپت پێوە دەنێتەوە... قسەی وابکە لەگەڵ سروشتی ڕاستەقینەی خۆتدا بگونجێ . هیچ قسەیەک بۆ خاتری کلکە سوتێ و ڕیاکاری و ماستاو سارکردنەوە مەکە!!)... تۆ لە کابرایەکی سیاسی ساختە چی گەڕێ ، هەقت بە سەر

لەبەر ناكەن؟! یا لەو خوێنانەی لە ژێر سایەی ( دووڕیان) ەكەتدا لەشەقامەكانی سلێمانی ڕژێندران !. یان چی ؟!!.
دەی ڕووبار ڕوو لە كام ڕێیە؟!لەسەربەرەو خوارو بەرەو گۆڕەپانی ئەبەردیی ( قادسیەی صەدام) یا ڕوو بەڕوو بوونەوەی شۆڕش و پێشمەرگەی كوردستان ؟! یا لەبەر گرتن بە رقی پیرۆز و ڕەوای جەماوەرو خوێندكاران ؟! لەوە پتر قەدو باڵای درەخت چۆن دەبڕنرێ ؟... پڕۆژەی ( قانون الحكم الذاتی لمنطقه كردستان المعدل) ت نەبینیوە كە چۆن ( كەركوك )ی جەرگ و كرۆك و دڵی كوردستانەكەیان داڕنیوین ! نەك قەدو باڵا؟! ئەو تاپۆ زەردە خەیانەت نەدیتووە كەبەدەپەنجە بۆ بەعس ئیمزا كراوە كە ( كركوك) لەسەر كوردستان هەڵلایرێ ؟! كەچی هێشتاش بەعس قایل نییە !! ئیدی كە جەرگ و كرۆك داڕنرا ( قەدو باڵا) ( تحصیل الحاصل)ن مام شاعیر! شێعر تەنها ووشەی مردوو و ئاوازو سەرەوانییە، شێعر پەیام و بانگ و هەڵوێستە.
هونەری هەڵوێست و هەڵبژاردنی راست لە ( دووڕیان)دا بەدەر دەكەوێ ! دووڕیان بواری قۆڵی ڕەش و سپی ( جوامێر) ی و نا ( جوامێر) ییە، بواری باوەڕو هەلپەرستی و شۆڕشگێڕایەتی و سەوداكردن و ڕاستگۆیی و خۆدۆڕاندنە دووڕیان مەحەكی شاعیرە.

× × ×

شاعیر كەدەمی خۆی كردە سواڵەتە شكاوی و چڵپاووزینچكاو و زەهراوی پێ بەگەرووی جەماوەردا كرد، كە بازووی خۆی كردە پۆستاڵ و بەڕووی جەماوەردا بڵندی كردەوە، كە مێشكی خۆی كردە بۆگەناو و وسڵی فاشیزمی پێ دەركرد...

× × ×

شاعیر که ووشەی کردە شانەو لە پرچی بزی داگیرکەری دا، کە تەعبیری کردە پرد و ناپاکی ی بەسەردا پەڕاندەوە، کە دەنگی کردە کەڕەنای خەیانەت و شەیپوری جاش بەتاڵی پێ هەڵدا، کە گەرووی کردە زێراب و چڵکاوی سەرای پێیدا گوێزرایەوە......

× × ×

شاعیر کە بووە تیاترۆ و هەر ڕۆژەی لە پاڵ مەستێکدا وێنەی یادگاریی گرت، کە بووە دەڵاڵ و ووشەکانی هەراج کرد، کەبووە پەشتەماڵ و خۆی بە هەموو بەرێکدا هەڵواسی،

ئەوە شاعیر نییە لۆتی و شایەری دەرباری ئاخورە

ئەوە شاعیر نییە قەلەڕەش و پەپووە.

× × ×

شاعیر کە ووشەی کردە ئەفیون و لەدەماری جەماوەری دا، کە بووە لێفەو بەسەر عەیب و لەشی ڕووتی دوژمندا کشا، کەبووە سۆل و لەهەموو پێیە کرا، کەبووە میکرۆفۆن و بانگی سازشی هەڵدا....

× × ×

شاعیر کەبووە تەور و قەدی خۆی بڕیەوە، کە بووە پوازو خۆی قڵیشاند، کە شێعری خۆی لستەوە، کەتفی خۆی هەڵگرتەوە....

× × ×

شاعیر کەبووە مەیمون، بووکە شوشە، قەرەقۆز، دارشەق، کوتەک، تۆڕو دێوجامە،

ئەوە شاعیر نییە تیاتزۆی دەستگێڕی مێزی مەیخانەیە..

ئەوە شاعیر نییە پۆستاڵ و زێراب و دووکەڵ کێشە...

× × ×

ئەگین نرخی ( بێکەس ) ، بەپێ ی دیالیکتیک ، دەرناکەوێ، چونکە سپی بە رەشداو ڕوناکی بەتاریکیدا و چاک بە خەراپدا و جوامێری بە ناجوامێری دا دەردەکەون.
هەمزە تۆفی مەزن چەند جوانی ووتوە کە ( باڵندەیەک کە زۆر هێلانە گۆڕکێ بکات و لەسەر هیچیان ئۆقرە نەگرێ، ئەنجام بێ هێلانە دەمێنێتەوە[!]). ووشەی پاک و پیرۆزی کوردیش تەبەررا و بێ بەرین لەو زڕک و زرو زەردەواڵانە....

******************************

— ترس !! —

شێعری : ڕەسوڵی حەمزە تۆف

— ئەی شاعیرەکە،
لە دوژمنە دڵ پیسەکانت مەترسە،
چونکە هاوڕێ ی وەفادارت زۆرترن
— ئەی گەر لە ڕۆژێکی ڕەشا، پەیمانیان شکاند..؟
— مەترسە، ژنە دڵسۆزەکەت لەگەڵتایە
— ئەی گەر ئەمیش، ناپاکی کرد..؟؟
— باپیرە ڕەسەنەکان لەگەڵتان،
— ئەی کەواتە : لەچی بسڵەمێمەوە ؟لەچی بترسم؟
— لەخۆت، لەخۆت بترسە،
ناپاکی لەگەڵ خۆت مەکەو بەس..!!
— ٥ — ٥ — ٥ — ٥ — ٥ — ٥ — ٥ — ٥ —

لە ئاست تەڵەدا بەدەنگ هاتن و کردنە هەڵڵا ئەرکێکی ئەخلاقیە چونکە :
" بۆ کار مەیسەر بوونی پیاو خراپان، ئەوەندە بەسە کە پیاو چاکان بێ دەنگ بن"  — یەفتۆ شینکۆ —

# مشتەی نلو هەمانە

هاوبیران ... دۆستان ... هاوولاتیان:

ئەم گۆشەیە هەوڵێکی ( متواضع ) انەیە بۆ داتەپاندنی دیواری نێوان جەماوەر و سیاسەتکاران، هەنگاوێکە بۆ بنیاتی سیاسەتی ڕوون و ڕاستگۆ و دڵسۆزی کوردی، بۆ ئاوێتە بوونی جەماوەرو جەنگاوەران و خەباتکارانی، بۆ ئەوەشە سیاسەت لە تەلاری عاجی دوورە دەست بێتە خوارێ و لە نێو هەناوی میللەتدا بژیەتەوەو چاو هەڵێنی و ڕەنگ بە ویست و خواستەکانی بداتەوە... ئەمە دادگایەکی جەماوەرییە بۆ لێپرسینەوەو بە جواب هێنانی و حسێب وورد کردنەوەی سیاسەت... جا هەر پرسیارو سەرنجێکتان هەیە، بێ زمان گرتن، بۆمانی بنێرن... هەر نەبێ بۆ ئەوەی تاقی مان کەنەوە بزانن راستئەکەین ؟!! ... بەڵگەیەکی بچوکی ئەو ڕاستگۆیەمان ، ئەم جارە چەند پرسیارێکی بێ سەربۆش هەڵدەبژێرین، بەڵام دەمێنێتەوە سەر ئەوەی ئێوە بەردەوام ئەزموونی ئەو ڕاستگۆییەمان بکەن تا نەئێمە زاتی لادانمان هەبێ و ئێوەش فێری ڕوو بوونەوە بن و سیاسەتی کوردیش بەگشتی ، ناچار کەن - ئەگەر بە خۆیشی خۆشی نەبێ !- لە شەقامە ڕێی ڕاستی ڕاستگویی ئەملاو لا نەکات ... ئەمەش یەک لەو ڕێگە کاریگەرانەیە کە ڕەونەقی بازاڕی بازرگانی سیاسەت دەشکێنێ و مەسەلەکەتان لە تالان فرۆشی ڕزگار دەکات.

- ئالای سووری کوردایەتی -

دوو پرسیاری پێچەوانەی یەکمان بۆهاتووە،خاوەنەکانیان بە ناوی (م.ک) و (س . ن) ەوە دەریان بڕیوە کە:

یەکەمیان (م.ک) دەڵێ: بەڕاستی من حەز لەسیاسەت ناکەم، بەڵام ئەگەر ڕۆژی سیاسەت بکەم دەبمە ئێوە، چونکە بیستومە ئێوە دژی عەرەبن و منیش ڕقم لەعەرەبە! ئایا رەئتان چییە؟

دووەمیان (س . ن) دەڵێ: من ڕەخنەم زۆرە لێتان، ئێوە هەر باسی کورد ئەکەن و وا ئەزانن ئەم دنیایە هەر کوردی تیایە!، من باوەڕم بە مرۆڤایەتی هەیە. ئایا خۆتان بۆ چاک ناکەن؟

**وەڵام:**

کاکە (م.ک)، ئەگەر لە ژیانتا کارێکی دروست و چاکت کردبێ ئەوەیە کە (حەز بە سیاسەت ناکەی) و لە سیاسەتەوە دووری، چونکە کەسێ بەو بیرو قەناعەتەی تۆ وە لەسیاسەتی (دێزەیی) پتری پێ ناکرێت، لەوانەیە تۆ کەسێ بیت بەر جورێ لەو جۆرە زەبرو دڕندەکانی زەبری ڕژێمە داگیرکەرەکە کەوتبی، لەوانەیە تۆ یەک لەو هەزاران خەڵکە بیت بەر (تەعریب) کەوتوون و لەسەر موڵک و ماڵی خۆیان هەڵ پڕوچقاندراون، یا لە گوندو زێدی پشتاو پشتی باپیرتدا ڕاگوێزرابیەوە ئۆردوگا قەبرساییەکان، یان هەر لە وڵات بە دەرکرابی... یان لە خۆڕایی لە دادگایەکی قەرەقوشی بەعسیاندا بەفەلاکەت گیانت دەرکردبێ ... یان و هەزاریان کە زنجیرەو ڕستەی هەر تەواو نابێ، ئەمە ئەو حاڵەتە دەروونیەی لا پەیدا کردبیت، کەبەداخەوە داوامەبەستەکەت چەندەش ڕەوا بێ دەربڕین و ڕێگەکەی چەوت و نا دروستەو هەر ئەمە خۆی خزمەت بەو داگیرکەرە دەکات. تۆ ڕژێمی حوکمەکە دەبینی شۆڤێنی عەرەبە، عەسکەرو جەلادەکان عەرەبن

ئەوانەی خانو و بەڕەو ماڵەکانیان گرتووینەوە عەرەبن، بە ناوی (عەرەب و عروبەو عەرەبایەتی) شوامان بەسەر دێنن، بەڵام دەبەلایەکی دیشدا ئاور دەوە جاشە کوردە، جاش شەعبی و سیخورەکان کوردن، مەجلیسی تەشریعی و تەنفیزی و موحافیزو سەگ و گورگەکان کوردن، سەوداکەرو خۆفرۆشەکان کوردن، حیزبۆکەو مێزبۆکەی ـ بەناو ـ کوردیش هەن دار دەستیان بن، کەواتە یان دەبێ عەرەب وەک و میللەتێ و بە (الحلاق) ی لەمەسەلەکە دەر هاوێژی یان دەبێ (کورد)یش ڕەگەڵ خەیت، چونکە ئەگەر دەستەکە عەرەب بێ، (ئەمە لە حاڵی فەرزا ئەگینا وانی‌یە) ئەوا کوتەکەکە کوردە، ئەگەر ئاگرەکە عەرەب بێ، مقاشەکە کوردە، ڕاوکەر عەرەب بێ تانجیەکە کوردە، و مەخلەس ئەگەر بەو تەسک و لێڵ بینی‌یە سەرنج بدرێ و ئەو شیرە دوو دەمە ناشیانە ڕابوەشێنرێ هەمووی دەگرێتەوەو سەرەنجامەکەی دەرووتێکی پڕگری وگاڵ و ئاڵۆزو سەر لێ شێواوی (دیزە) ئاسایی دەڕسکێنێ!...
کەواتە تۆ زۆر لەوەدا بەهەڵە چووی کە ئەو تاوانەی دەستەی نەتەوە سەردەستە داگیرکەرەکە بەرانبەر کورد دەیکات لە بەرەیەکی کێشیتەوەو (تعمیم) ی کەیت و لە ملی هەموو عەرەبی پێچی ...، لەوەش قەباعەت ترو هەڵە ترو (تا سنووری پێچەوانەی ڕاستی و لنگەو قووچ کردنەوەی شتەکان) ئەوەیە کە ئێمەی پاسۆک بە دژی عەرەب بزانی. ببورە براکەم تۆ و ئەوانەشی وەک و تۆ ـ جا چ لە نەزانین وسادەو ساویلکەییەوە یان بە ئانقەست و دوژمنکارانە ـ وا لەئێمە گەیشتوون تەواو تەواو (یاغیشن).
داخەکەمان لەوانەیە کەسانی وەک و تۆ زۆر دڵسوز بن وهەستی سەر هەڵکردووی مەغروریەت و زۆڵم و ستەمی لەڕادەبەدەر

ئەو لەترانەتان پێ بدات، بەڵام ئەمە هەرگیز عوزری لێڵ بینی و چەواشە بیری و گیربڕوایەکتان نادا و شیفاعەتی بۆ بەهەڵە چوونتان ناکات، چونکە دڵسۆزی و لەسەر هەق بوون بەتەنیا بەس نییە ئەگەر ڕێ و جۆرو شێوازی دەربڕین و بەکار هێنانەکەی گونجاو و دروست و هاو ئاهەنگ نەبێ زیانەکەی سەد بەرابەری زرە سوودەکەی دەبێ. ئەوەندەش دۆستی نەزان سەکتەو زەرەر بە مەسەلەیەک دەگەیەنێ دوژمن و نەیاران هەرگیز پەیشی پێ نابەن، کورد دەمێکە وتوویەتی (لە دۆستی نەزان هەڵێ، ڕەشی لە دوەماچی مەنجەڵێ!). دواتر دێینەوە سەر باسەکەو ئەو ڕاستیانە شەرح دەدەین:

ئەمە دیوێکی تاریکی سەلبی و ژاکاوی هەستی خۆ وێک هێنانەوەو دابڕان و خۆ وەتاق خستنەوەی نەتەوایەتییە، کە وەک نەخۆشیەک، لەسەرەنجامی ژێر دەستەیی و زۆڵم و زۆری بێ ئەنداز تووشی هەندێ لەڕۆڵەکانی نەتەوەیەکی داگیرکراوی ماف خوراو دەبێ... دیوی دووەمی نەخۆشیەکی لەمە پتر مەترسی تر لە پرسیاری دووەمی کاک (س. ن) هەڵدەستێ، کە هەستی پەستی و خۆ بەکەم گری و خۆ لەبیر چوونەوەیە، ئەمیشیان لەسەرەنجامی ئەو ستەم و ناڕەوایەتیە لە دەروونی هەندێ کەسی نەتەوەیەکی داگیر کراو پەپکە دەکاو سەر هەڵدەدات، ڕێگەیەکی چەوت و چەواشەی خۆ ڕزگارکردنە لەو بارە نالەبارەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و بێ مافێتی و بێ کیانی ی و بێ ناو و ناوبانگی یەی بەر بە هەست وبوونی ڕەهای نەتەوایەتی خۆڕسکی و فیتری و دەروونی ی ئینسان دەگرێ، جۆرێکە لە (تەبەررا) بوون و خۆ دزینەوەی ترسنۆکانە و گێلانەی لەسەرچاوەی چەوساندنەوەکە، کە ئینتیمایە بە

نەتەوە ژێر دەستەکە.
جارێ سەرپێیی ئەوە عەرزی کاک ( س . ن) دەکەین، ئێمە هەموو جۆرە رەخنەیەکمان قەبوڵەو ڕێزی لێ دەگرین، جائەگەر دروستکەرو ڕەواو ڕاستو خزمەتگوزار بێت ئەواهەر سەر سەری دەنێین و بە باڵاترین پلەو شێوەی دۆستایەتی دەزانین و هەمیشە و هەردەمیش موحتاجی ئەو جۆرە رەخنانە ین و هەر ئەو سەرنج و بەرچاوخستنانەیە کە کۆمەڵێ لە هەڵەو لادان دەگێڕێتەوەو ڕەوتو ڕێبازو بیرو سیاسەتی دەپارێزێ و بە" اتجاه" ی ڕاست بەرەو ئامانج و داواکانی دەبات ... خۆ ئەگەر چەواشەو نادروستو روخێنەر بێ ئەوا یان نائاگاو لە نەزانینەوە زەنەی کردوە ئەوسا ڕوونکردنەوە و ڕاستکردنەوەی دیدگاو بوچوونەکەی دەکەوێتە خانەی ئەرکی کۆمەڵایەتی و خزمەتێکە بەتاکێکی ئەو کۆمەڵەو هەر ڕەنجێکی تێدا بدرێ بەخەسار ناچێ... خۆ ئەگەر بە ئانقەستو بۆ مەبەستێکی چەوت بێ ئەوا ( ماڵی قەڵب سەر بە ساحێبی ) و حاشا لەدیاری ڕەزای گرانیان و شیری بزڕگاو!...
ئێمە هەر بەم پێوانەیە دێینە کایەی کاکە(س.ن)و دەڵێین:
بەڵێ قوربان !ئێمە هەر باسی کورد دەکەین، جا چ عەیب و کەمیەک لەمەدا هەیە؟.. با تۆ و هەموو دنیاش ئەوە بزانن کە گەورەترین شانازی و سەروەریمان ئەوەیە کەلەخزمەتی میللەتی خۆمان و مەسەلەی نەتەوە چەوساوەکەماندا ین .... شوکر بۆ خوا کە ئەو شەرەفەی پێ بەخشیوین سەربازی مەسەلەیەکی ئەوەندە ڕەواو ئینسانی ی بێ نمونە بین. سۆزو مەردایەتی و جوامێری و مرۆڤ دۆستی لەوەڕادەردە ـ کەوێ کەکەسێ بەهانای خەڵکی لێ قەوماو و چەوساوە و ژێر دەستەوە بێت ، لەخزمەتی مەسەلەی میللەتێکی داگیرکراوی

دەم تێ ژەنراوی ، سەر کوێرکراوی ، ماڵ بە تاڵان بـــراوی مەغدوری سەر تا سەری مێژووبێت . لەفەرزی حاڵی سەلما ـ ندنی بیری فشوفۆڵی پاشەڵ فەرەحی کۆسمۆپۆلیتیانەی ـ تـۆ بۆ ی دەڵێ ی مرۆڤایەتی !ـ دەبێ زێر کام ئاسمان و سەرکام زەویە لەمەی کوردستان کاول تر چنگ کەوێ،تادۆن کیشۆتانە خۆی بۆ بکوتین؟! کام میللەتە وەک و کورد لەبەرچوارکەڵبەی داگیرکەراندایەو لەبەر دەم مەترسی تواندنەوەو لەنـــاو بردنی نەتەوایەتی دایە، تا بەرزەو حەوایی مشتی لێبگرین؟! کام مەسەلەیە لەمەسەلەو کێشەی بیست و پێنج ملیـــۆن مرۆڤی بێ مافو بێ گیان و مەحرومی وەک و کورد ڕەواترە تا خۆمانی بکەینە قەبەڵ بۆ ئەوەی پێمان بڵێن ( مرۆڤایەتـــی کەر!)؟!. کەیوکێ بیستویەتی،لە کام لاپەڕە کەڕاویـــەی مێژوودا، لە مێشکی نەخۆشی کام نەخۆشخانەو شێت خانـە یەداباس کردن و خزمەتکردن و خۆ تەرخان کردن بۆ مەسەلـەی جەماوەری زەحمەتکێش و ستەمدیدەی هەرە چەوساوەی میللەتێ جێ ی رەخنەو سەرنج و لۆمەو گلەیی بووبێ؟!.. ئەو(مرۆڤایە تی) یە عەنتیکەو سەیرو سەمەرەیەی بەڕێزتان ( ساخـت و سینعەت و یاپیە ) و دەستیاوی کام شەیتانە رێ لـــــێ ڕەوێلکەرەی دنیایەو لە قتووی کام عەتاری زەنگـــــاوی دا زاوەتەوە؟! بۆ کورد مرۆڤ نین، تا ئەگەر، کەسێــــێ، کۆمەڵێ کوردایەتی بکاو لە خزمەتی داواو مافە ڕەواکانیدا بێ تەلاقی " مرۆڤایەتی"ەکەی خۆی و بابی بکەوێ؟!

جۆرج واشنتون، گاریباڵدی، ژان دارک ، غاندی بەچ بـوونـە پاڵەوانان و نەمرانی میللەتی خۆیان و جێ ی شانازی و سەر وەریی هەموو مرۆڤایەتیش ؟! بەپشت تێ هەڵکردنی مەسەلەکەی خۆیان، یان بەخۆ بەلاوە گیرکردنی؟! جێفەرسون و ماتزینـــی

و نێرەری و سن یات سون لە کوێڕادەستیان پێ کرد و بەچ بوونە دەنگی دلێری نەتەوایەتی و ویژدانی مرۆڤایەتی؟.... بەبەرزە فڕێ و نهلیستیەت و خۆلەبیر بردنەوەو خۆ لەبیر چوونەوە یان بەقوڵ بوونەوەو بەنا و ناخی میللەتدا ڕۆچوون؟ لینین و ما و هۆشی مینە و کیّم ئیل سۆنگ لەبەرایی بیروباوەڕی ئەنتەرناسیۆنالیستانەشیان دا هەرناسیۆنا ـ لیستی دروست و ڕاستەقینە و سەربازی مەسەلەی میللەتی خۆیان نەبوون؟! (ڤیێتنام) لەبستە ئەرزێ، لەقومە ئاوێ، لەپەلە هەورێ، لەخرکە بەردێکی خۆی دەبووری بۆ (چین)ی هاوبیرو هاوئایدولۆجیەتی ...یان تا خۆی وەستابێ هەلامەتێ بۆ کەس دەگرێ و تا ماڵی خۆی هەبێ بەڕەیە دەخاتە هیچ مزگەوتێکەوە؟! سۆڤیەت و چین کێشەی چەند کیلومەترێک ئەرزیان لەبەریەک نەکێشاوەتەوە بۆ سیاسەت و فیکرو ئایدولوجیەتیش؟! کۆیا کوری خۆی دەکاتە قوربانی کچی کەس؟! ئەوە دەوڵەتانی سەرمایەدارو کۆنە ئیستعمارو خۆراوا هەر بەجارێ هی ئەوەنین کە چاوەڕوانی هیچ خێریکیان لێ بکرێ و ئەگەر مرۆ لەگەڕ و گوڕ و شەڕیان بپارێزرێ وەک ئەوە وایە ڕێوی بە بیریەوە هاتبێ .... دەی کەس هەیە ئیرادی، ڕەخنەیە لۆمەیەکیان بکات؟! هەرگیز ڕۆژێ، وەک و تۆیەکی بەدبەختی لەهەرچی هەیە و نیەیە بێ بەش، ترس و ختورەی نەتەوایەتی یان ختووکەی فیزی (مرۆڤایەتی سەقەت بوو) هەڵوێستێکی نانەتەوەیی یانە و نهلیستیانەی پێ وەرگرتوون؟! ئایا مرۆڤایەتی ڕاستەقینە لەنەتەوایەتی ڕاستەقینە زەنە ناکات؟ ئایا مرۆڤایەتی ڕەسەن بیرو زەمینەیەکی نەتەوا ـ یەتی ڕەسەتی گەرەک نیەیە تا خۆی لەبان بگرێ؟! مرۆڤایەتی و ئەنتەرناسیۆنالیستی حەوایی و بۆشایی و "فضا" و

" ئەثیر" ی لە خەیاڵی مێشکی نەخۆشی ی هەستی پەستی و عوقدەی حەقاوەت بەولاوە لە کوێدا مەودای تصورو بوونی هەیە ؟!.... بارو هەل و مەرجی سەخت و دژواری نەتەوەکەی ئێمەیە کە دەرفەتی هەڵتۆقینی ئەم جووتە کەڕوە بۆگەنانە دەدات .... ئەگینا بیری تەسک بینی، ڕەگەزپەرستانەی ڕیسوای دژایەتی میللەتان ( وەک ئەوەی ڕقمان لەعەرەب بێ!) یان ( عەرەبێ چاوی سووک و چاو چنۆکانەی ببڕێتە کورد!!) وەک دیناصۆر لە مۆزەخانەی لاپەڕە ڕەشەکانی مێژوودا نەبێ عەمەلی هەناسە هەڵهێنانی لە ئەرزی واقع دانییە...تا خوا حەز بکات پەست و ڕیسوا و بەدە، تەحلەت لە هەڵگرانی چونکە کورد ( ضحیە ) ی ئەو بیرە بۆگەنەیە... بیرو هەست و ئەندیشەی کۆسمۆپۆلیتانە و هەستی پەستی و خۆ لەبیر چوونەوە و پشت لە خۆ و نەتەوە هەڵکردنیش ( جا لەژێر هەر ناوێکدا بێ) ئەوەندە سووک و سەلیمە، لەهەر شوێنێکی دنیا سەر هەڵدات بەتەنەکە شار بەدەر دەکرێ ...

ئەمەیان وا ... بە کورتیش ئەم دوا سەرنجانەمان لەمەڕ ئەم مەسەلانە دەردەبڕین بەداخەوە کە مەودای گۆڤارەکەمان ئەوەندە نییە سەرو بنی هەموو لانێکی کەین تا دەرفەتێکی ڕەخساو تر با ئەم مشتە نمونەی خەروارێک بێ:

١- دوژمنان و داگیر کەرانمان بەوەندە داناکەون کەلە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە بمانچەوسێننەوەو سەر کوتمان کەن، بەوەندەش لێ ناگەڕێن سەرو ماڵمان بە تالان بەرن و مافی هەناسە هەڵکێشانمان نەدەنێ..ئەوان چاویان بڕیوەتە داگیر کردنی دوا قەڵا و قوللەی بوونی نەتەوایەتیشمان کەبیرو بیرکردنەوەو ئینسانیەتمانە، ئەوان دەیانەوێ بیرو بۆ چوون و فیکرمان سەقەت وسقوت و

گێڕو گەوێڕ کەن، دەیانەوێ لەشەرەفی نەتەوایەتی وبوونی مرۆڤایەتی سەربەخۆی خۆمان دابڕن و (مسخ) و بێ عەمەلمان کەن، دەیانەوێ ویست و واقع و خواستی چەپەڵ و تیازی گڵاوی خۆیانمان لائاسایی کەن و پێمان قەبوڵ کەن !، ئەوانە دەزانن تا کورد لە ڕووی بیرو بۆچوون و فەلسەفەی ژیان و قەناعەت و خواست و باوەڕەوە نەبەتە سەرچۆک و ئەو واقعە ماددیانەی دیکەی داگیرکردن و چەوساندنەوەی ( نەتەوایەتی) و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەی بە زۆرو ناڕەوا بەسەریاندا سەپاندوین هەتا سەر خۆی بە پێوە ناگرێ و هەر ڕۆژێ دێ بنیای زوڵم و ستەم بەسەر کۆتەڵی تا شەرعی خۆیانـدا بتەپێنن، بە کورتی دەیانەوێ بیری نەتەوایەتی کوردو هەستی شانازی و سەروەری خۆ بە کورد زانین و بەرامبەریمان لەگەڵ هەر میللەتێکی دنیا لا سست و سەقەت و پووچ کەنەوە، تا زەمینەی تەسلیم بوون بە ئەمری واقعی داگیر کەری و تا شەرعیان خۆش کەن و دەستی تەسلیم بوون بە کورد بەرز کەنەوە، کە ئەمەش دوا هەناسەی مەرگی میللەتێک و کفنی ناشتنی بوونی نەتەوایەتی گەلێکە... بۆیە زۆر تەبیعی و چاوەڕوان کراوە کەداگیر کەر هەوڵی ئەوە بدات، چ بە پول و پارەو قامچی و بەندیخانەو ئاگرو ئاستی خۆی و چ بە هۆی پوازی کوردیو دەستی ڕەشی تابووری پێنجەم و خۆفرۆشانیەوە، چ لە ڕێی دنەدنەو هاندانی ناحەزان و داخ لە دڵانی بیری نەتەوایەتی، ئەو بیرەو هەڵگرانی حیزبەکەشی بکوتی و سەرکوت کا و کازندەو پڕو پاڵانتەی درۆ و هەڵبەستراوی دوو خاو بێ پای کات.... چونکە تەنها و تەنها ئەو بیرە

ڕەسەن و خۆڕسکەی کوردایەتییە کە دەتوانێ تا سەرو بێ سەودا و سازش بەڕووی داگیرکەراندا بوەستێتەوەو توانای هەموو جەماوەر کۆ وەکات و ئاراستەی بەرەنگار بوونەوەیەکی دروست و بەفیڕۆنەچووی دوژمنەکەی بکات.

ئەو بیرەیە ناکۆکییە سەرەکییە کەلەگەڵ داگیرکەردا جێ گۆڕکێ ی پێ ناکاو خاوناکاتەوەو دەیکەیەنێتە چڵە پۆپەی بەرەوڕووبوونەوەو دەستەو یەخە بووە،.. هەر بۆ نموونە لەوانەیە ناکۆکی و کێشەی گەلی کورد لە خوارووی کوردستاندا لەگەڵ ڕژێمی عێراقیدا، بەلای زۆر کەس و ڕێکخراو و بیروباوەڕەوە لەوێدا کۆتایی بێت کە ڕژێم لەبەر هەر هۆیەک، لەوانە تاکتیک و ناچاریش!،کەرکوک بخاتەوە سەر ناوچەی حوکمی زاتی و جووتە مەجلیسی ( تەشریعی و تەنفیزی) تەسلیمی ئەوان بکات، یان هەر زۆر لەمەش کەمتر و هەتا سەمەرەو نامەعقولی وەک ئەوەی ئیمڕۆکە جەماعەتی ( یەکێتی) پاش ئەو هەموو ساڵە خۆهەڵدانەوەو دیماگۆگیەت و دەست بڕینە خزاونەتەوە سەنگەرەکانی ڕژێمی بەعس و بێ شەرمانەش ئەوە ڕادەگەیەنن کە بۆیە ئەمە دەکەن چونکە ( عێراق لە خەتەردایە!!) و سەرگەورەکەیان لەگفت و گۆیەکی ڕۆژنامەگەریدا دەڵێ: مێژوو عاری شەڕ لەگەڵ کردنی سوپای عێراقیمان لەسەر تۆمار ناکات!!و " صدام" بەحەکەم دادەنێ!... بەڵام بەلای بیری نەتەوایەتی یەوە هەر دەستکەوتێکی کەم یا زۆر دەبێ ئەو ناکۆکییە قوڵترو فراوانتر کاتەوەو گوڕو تین و تاوێکی دی بداتێ وئەوانە ( توظیف ) کرێن بۆ گەیشتنە ئامانجە سەرەکییەکە کە ممارەسەی ( مافی دیاری کردنی چارەنووس ) ە لەپلە هەرە

بالاکەیدا، کە دروست کردنی کیانی سەربەخۆیە... بیری نەتەوایەتی تا یەک پۆستاڵ لە پێی داگیرکەر لەسەر کوردستان بێت (ئاش بەتاڵی) سەرکەوتن یان ژێرکەوتن لێ ناکات و ئەو ناکۆکییە یەک ناخات... لەخۆڕا دیارە کە ئیدی دەبێ داگیرکەران لەسەری سەرەوەی لیستەی دوژمنایەتی کام بیرو کێ دابنێ و چۆن بەر بەخەتەری لافاوی ڕادەری ئەو بیرە بگرێ ؟ ... یەک لەو ڕێیانە شێواندنی ڕەنگ و ڕوخساری خۆڕسکانەی ئەو بیرەو هەڵ گرانیەتی... هیچ لەوەش سڵ ناکاتەوە و شەرم ناکات کە خۆی لە مەوقعی زوڵم و ستەم و داگیرکەری و شۆڤێنیستا- نەوەیە، نەتەوە پەروەرو هەڵگرانی بیری ڕزگاریخوازی کوردایەتی بە تۆمەتی دژایەتی (عەرەب) و (ڕەگەز پەرستایەتی) و (دەمارگیری) تاوانبار بکات... لە کاتێکدا کە ئەو بیرەو حیزب و سەربازەکانی بۆ لەنێو بردن و تۆ و بڕکردنی بیرو ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانەو شۆڤێنیستانەی دژ بە کورد هاتونەتە مەیدانەوە...زۆر سەیرە کە خەباتکارێکی چینایەتی دژی ستەم و چەوسا- ندنەوەی چینایەتی کەمەری بەستبێ، کەچی بە خزمەتکاری (جیاوازی چینایەتی) و چەوساندنەوەی چینایەتی تاوانبار بکرێ !،یان کەسێ هەبێ لۆمەی (مارکس)بکات کە جیا خوازەو سەربازی (جیاوازی چینایەتی) یە!لە وەش سەیرتر ئەوەیە بیری نەتەوایەتی و هەڵگرانی بیری ڕزگاریخوازی نەتەوەیەکی ژێردەستەی داگیرکراوی چەوساوە تۆمەتی ڕەگەزپەرستایەتی و شۆڤێنیەتی بدرێتە پاڵ. ئەو بیرو بزوتنەوەیەش هێندە بەبڕشت و بە پێز بێ کە وا لەڕابەرێکی چین پەروەری مارکسیستی وەک و لینین

بکات کە ئەو بزوتنەوانە بەدەمی دووەمی شمشێری هەڵکێشراوی پاکتاوکەری زوڵم و ستەم و زۆروچەوسانەوە و ئیمپریالیزم دانێ و پێ ی وابێ ئەو بینانە لەسەر هەردوو پایەکە نەبێ ڕانەوەستێ و دروشمی ( ئەی گەلانی چەوساوە ) بخاتە سەر دروشمی ئەسڵی ی بیرو فەلسەفە چینایەتیەکەی خۆی و بیکاتە ( ئەی کرێکارانی جیهان و ئەی گەلانی چەوساوە یەکگرن !)، ئەگەر سەیر نەبێ لە کوێی ئیدی ختورەی وا چۆن لە مێشکی کەسدا چەکەرە دەکات ؟؟!.

٢ـ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی هەر میللەتێکی داگیر کراو بەرامبەر داگیرکەری راستەو خۆ و سەربازو دەزگاو مەڵبەندو سازمانە دامەزراوەکانیەتی لەو وولاتەدا ،دژی ئەو کەس و تاقم و دەستەو چینانەیە کە چاویان بڕیوەتە ماف و بوونیەوە، مل ملانێ ی لەگەڵ ڕژێمە داگیرکەرو دۆست و هاو پەیمانە ستراتیجی و هاو فکرو هاو ڕەفتارەکانیدایە. بۆ خۆی ئاراستەو دژی میللەتە سەردەستە داگیرکەرەکە نیە وەک و میللەت. چونکە جگە لەوەی کە لە چین و توێژاڵ و دەستەکانی ئەو میللەتە سەر دەستە بە خۆشیدا نەیارو ناحەزو دژی ڕژێمەکە هەیە...هەن هەر ئەو ڕژێمە دەیانچەوسێنێتەوە....، هەن و بەشی هەرە زۆریشیان سوودو بەرژەوەندیەکی ڕاستەو خۆ و ڕاستەقینەیان لەو داگیرکردنەدا نیە، هەر بۆ نمونە بەشێ لەداهات و تالانی ی کوردستان دەڕژێتە قوڕگی جوتیارو کرێکارو کاسب و مووچەخۆری عەرەبی عێراقی، بەڵام بەشی هەرە زۆرو پشکی گەورەهی چینە باڵاو بۆرژوا عەسکەری و بیرۆکراتیەکانی عەرەبی دەبێ، کە ئەمانە لە سەرێکی

دیکەوە ئەو چینە دامینانەی دیکەی عەرەبی دەچەوسێننەوەو دەڕوتێننەوە... لەپای ئەو پشکە کەمەی بەر ئەو چین و دەستە دامێن و هەژارانەی دەکەوێ خوێنیان دەگرن و ڕا- پێچەکی شەڕی کوردیان دەکەن و لە کوردستان دا بە زۆر بەکوشتیان دەدەن، جا ئەگەر ئەو زەرەرو زیانەی لەمەدا لێیان دەکەوێ لەبەرانبەر سوودێکی ناچیزەو بەرماوەیەکی بۆرژوای چەوسێنەری عەرەبی کەبەریان دەکەوێ بەراورد کرێ، ئەوانیش زۆریان زەرەرەو ئەگەر اختیار کرێن ئەو شەڕە ناکەن ... جگە لەوەی با ئەوەشمان لەیاد نەچێ خۆ بەشێ لەو داهات و تالانی‌یەی کوردستان دەچێتەوە قوڕگی بۆرژوای کوردو جاش و سیخورو بەکرێگیراوەکانی کورد خۆیەوە!!.هەر چەندە ئەمە لەبەر خاترو چاوی ئەوان نی‌یە، هەر چۆن بۆ خودی چینە زەحمەتکێشەکانی دیکەی عەرەبیش لەبەر خاترو چاوی ئەوانیش نی‌یە... بەڵام‌ئەمە ئەوە ناگەیەنێ حسێبمان لێ تێک بچێ و تووشی لێڵ بینی بین... خۆی چەندە نادروست و ناپەسەندو ڕیسوایە ئەو بانگەشەو گازندەو بیرەی ئاڵای دژایەتی ( عەرەب ) و ( عەرەبایەتی) هەڵگرێ ئەوەندەو چکێ زیاتریش ئەوە نادروست و چەوت و گێلیەتی یە لەبەر لانی ( نظری)ئەو ڕاستیانەی سەرێ دەستمان لەداگیر کەر ساردبێتەوە!، بڵێین ئەو سوپا داگیرکەرە کوڕی هەژار و چەوساوانن و بە زۆر هێنراون و دەبێ ئەهوەن بین لەگەڵیان دا، یان ئەوانە " برا"مانن!.. بیرو بیرکردنەوەی " عیلمی" و " مەوزوعی" و دروست ئەوەیە: هەر تاکە تاکەو کۆمەڵی، بەنیازو مەبەستی چەوساندنەوەو داگیرکردن پێ ی نایە ئەم دیوو سنووری وولاتمانەوە، چاوی بڕیە بڕکە کاڵەک و

خڕکە بەردێکی کوردستان دوژمن و داگیرکەرە، ئەوسا ئەو لە سیفەتی هەژاری و عەمەلەیی و جوتیاریی و بۆر ـ ژوازێتی و مەلاو شێخ و مولحید و پێشکەوتووکۆنەپەرست و هەرچی سیفەتی دیکە هەیە دەکەوێ، دەبێتە " کائن" و "مەخلوق" ێکی دیکە کەبە پێی یاساو دەستوراتی ئەرزو ئاسماتی و هەموو دنیایی و هەموو شوێنی بی پێی دەووترێت ( داگیرکەر) و خوێنی لەشیری بەری دایک حەلال ترە بە ڕۆڵەی وولاتە داگیرکراوەکەو ئەوەی دەستیان لێ بگیرێتەوە جگە لەوەی بێزووەو دەشبێتە شەریکە تاوانیان. دیسانەوە بە کورتی : ئەوەی لە وولاتەکەمان پێی هینایە ئەم دیو و نیازی دوژمنانەی هەبوو، یان لەو دیوو سنوورەوە چاوی تێ بڕیبووین و تەماعی لەخۆمان و وولاتمان هەبوو داگیرکەرو دوژمنمانە... ئەوەش لە وولاتی خۆیەوە دەستی برایەتی و دۆستایەتی و هاوکاری مان بۆ درێژ کات ڕێزی لێ دەگرین و براو دۆست و هاو کارمانە... حەزیشی بەبرایەتیمان نەکرد ئەو لەمالی خۆی و ئێمە لەمالی خۆمان ...

بزووتنەوەی کوردایەتی و نەتەوەی کورد لە مەوقعێکدا نین گلەیی دۆستایەتی و دوژمنایەتی لێ بکرێت، ئەوان خەلکانە ، چینانە، حکومەتانە، کۆمەلانە، دام و دەزگاو کۆڕو گروپانەن کە بڕیار دەدەن کورد دۆستیان بێ یا دوژمنی بن، ئەوەش بەپێی هەلوێستانە لەبوون و مافی ڕەوامان و ئەندازەو پلەی دۆستایەتی یا ناحەزایەتیان بەرامبەرمان دیاری دەکرێ و هەر پێوانەو کێشانەیەکی دیکە لە چوار چێوەی ئەم یاساو حوکمە بەدەر بێ نادروست و چەوت و بەتالە .جا کەسێ ، لاتێ، خەلکێ خۆی بخاتە

مەوقعی دوژمنایەتیمانەوە خوا ئەو بگریّ و عەقلی بەبەر دا بێنێتەوە، ئەو خۆی بۆ دزی هاتۆتە سەر کەلاوەی ماڵی کوردو داری بۆ دز کراوە بۆ خۆی هەڵدەبژێریّ!...

٣- دەبیّ ئەو "تصور" و بۆ چوون و ڕاگەیاندنە بڵاوە شێواوو لنگەوقوچەی وا دادەنیّ کەنەتەوایەتی شتێکی پێچەوانەو دژی مرۆڤایەتییە لە بنەڕەتەوە بدرێتە دواوە، چونکە نەتەوایەتی جگە لەمەعناو مەبنای خۆی و وەکو هەستو بوونێکی مەعنەوی و ماددی خۆرسکو ڕەوا و بزوێنەری مێژووی مرۆڤایەتی، خۆی لە خۆیدا حالەتێکی تایبەتی و مرۆڤایەتییە لە شوێن و کاتو لەتەرجەمەی "عملی" دا لەنێو کۆمەڵ و گەلێکدا... هەتا ئەو بۆچوونانەی لەو زەمینانەشەوە سەریان هەڵداوە کە شۆڤێنێتی و ڕەگەز پەرستایەتی - بەتایبەتی لە ئەوروپاو لەنێو وڵاتە ئیستعماریەکاندا - بەناهەق و نادروستی لەسەر نەتەوایەتی حسێب کراوە، لەکاتێکدا کە جەوهەرو ڕۆحی نەتەوایەتی ڕەسەن و ڕاستەقینە دژی شۆڤێنێتی ورەگەز پەرستایەتییە، هەتا لەوێشدا ئەو بەرامبەرکردنەوە هەڵەو ناتەواوەو تێکەڵاو کردنی دوو شتو دوو دیاردەی جیاوازو هەتا دژ بە یەکیش دەمێکە ڕیسوا بووەو باوی نەماوە.

دەتوانین پەیوەندی عضوی و پێکەڵ پێکی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی لە ووتەیەکی ڕابەرو فەیلەسوفی نەتەوە پەروەری ئیتالیا (ماتزینی) دا بفامینەوە کەدەڵیّ:"ئێمە کاتێک کارێکی چاک بۆ نیشتمانەکەمان دەکەین،کارێکمان بۆ مرۆڤایەتی کردوە.... نیشتمانەکەمان نوقتەی ئیرتکازی ئەو سیلینگەیە کە دەبێت بۆ خێری هەمووان

بەکاری بێنین، ئەگەر لەو نوقتە ئیرتکازە لامان دا نەک هەر بۆ مرۆڤایەتی لەکەڵک دەکەوین ، بەڵکە خێرمان بۆ نیشتمانەکەی خۆشمان پێوە نامێنی" ... یان وەک و جویس دەڵێ: " کاتێ دەبینە ئەنتەرناسیۆنالیستێکی چاک کەناسیۆنالیستێکی چاک بین" ... یان هەیە ئەم واتایە هەلدەگێڕێتەوەو دەڵێ: " کاتێ ئەنتەرناسیۆنالیستێکی چاک بووین، دەبینە ناسیۆنالیستێکی چاک ... لەهەموو حاڵەتەکاندا دەکاتە ئەوەی کەنەتەوە پەروەری و نیشتمان پەرستی و ناسیۆنالیستی ی دروست وڕەوا و ڕەسەن کرۆکی بوونی مرۆڤەو نوقتەی ئیرتکازە.

٤- لەوانەیە کاتی خۆی هەندێ وڕێنەی ناسازگاری والە ( کازیک / دا ڕێی دەربڕینی هەبووبێ و کەسانێکی گێل و ( دێز ) ی لەسەر نەتەوەیی حسێب کراو ئەم پڕیشکەیان بەبیری نەتەوایەتی دا هەڵپژاندبێ، گەر هەق و ئینساف نیەلەسەر بیری نەتەوایەتی و حیزبەکەی ( هەر نەبێ لەمڕۆدا! ) حسێب بکرێ، وەک ئەوەی ڕۆژێ خەڵکانێکی بە ناو موسڵمان و جبە و عەمامە لەبەرو لەسەریش فەتوای ناجایەزیی و ناشەرعی ی مێرد کردنی کیژێکی عەرەبی موسڵمان لە پیاوێکی غەیرە عەرەبی موسڵمانی دەرکردوە، لەکاتێکدا کە ( ان اکرمکم عندالله اتقاکم ) و ( لا فرق بین عربی واعجمی ... ) و سەدان ڕاگەیاندن و فەرموودەی ڕوون و بێ تأویل و ڕەهاش بە چاوودا چەقیوون، جاچەند هەقە ئەوە لەملی خاوەنە دەمارگیرە ( جاهلی)یەکان دا- ماڵرێ و لەملی ئیسلام و ئیسلامەتی وەپێچری، هەرهێندەش ڕەوایە سەرچڵی بیرو قەڵەمی تاکە تاکەیەکی شبرو شەپڕیوی ( لەسەر بیری نەتەوایەتی حسێب کراو! ) بەسەر

بیری نەتەوایەتی یدا تەعمیم کرێ و لەوەش بەولاوە لە ئیمرۆی پاسۆک بپێچرێ ... یان مارکس و مارکسیزم چەندە مەسئولن لەتاوانەکانی پۆل پۆت و دەستە کۆمۆنیستە سەر چڵەکەی کەمبۆدیا، بیری نەتەوایەتیش و پاسۆکیش هەر هێندە، هەر چەندە ئەمان لەگەڵ ئەوانیشدا ئاسمان و ریسمانیش بن.

دیارە ئێمە نەعوزر بۆ ئەوانە دەخوازینەوە و نە شیفاعەتیشیان بۆ دەکەین، چونکە خەڵکی گومڕا نە عوزریان هەیە و نە شیفاعەتی کەسیش دادیان دەدا، بەڵام بۆ تێگەیشتنی و ڕاستی و چوونە بنج و بناوانی ئەم نەخۆشیە دەبێ ئەو ڕاستیە بڵێین کە هەتا ئەو تاکە گومڕایانەش (ضحیە)ی ئەو چەوساندنەوە تاڕەواو دڕندانەیەن کە فرزەی لە میللەتێکی داماوی وەک کورد بڕیوە، هەر چۆن ئەو کۆسمۆپۆلیتی و خۆ لەبیرچوونەوانەش هەر (ضحیە)ی هەمان شتن، وەک ئەو زۆڵەی کەبەرهەمی تاوانێکی ئەخلاقی و نا شەرعیەتێکی لەدەسەڵاتی ئەو بەدەرە، بەڵام زۆڵ هەر زۆڵە!!..... بۆیە ئەو نەخۆشی (گولی)یە بە لەناوبردنی فایرۆسی (گولی) دەکرێ، با خۆ لێ دوور راگرتن و دانە دواوەشی پێویستیەکی حیاتی ی بێت. ئەم جۆرە نەخۆشی گولیەی رق و دژایەتی نەتەوایەتی بەلە نێو بردنی فایرۆسی چەوسێنەر و داگیرکەر و چەوساندنەوە لەبەین دەچێ.

هیواداریین تیشکێکمان خستبێتە سەر کەلاوەی تاریکی بیری هەردوو برا کاکە (م.ک) و (س.ن)، هەم بەوەی تەمی بەسەر چاو نەسکی و لێڵ بینی ئەو یانمان ڕەواندبێتەوە و ئەم وەڵامە یارمەتیەکی ئەو و هاو چەشنانی بدات بەوەی کە

نەکەونە فاقەی دوژمنانی نەتەوەکەمان و جەنگەکە لە نێوان کوردو داگیرکەرانی کە کاربەدەستان و حکومەت و هێزە ڕەگەزپەرستەکانی ئەو میللەتە سەردەستانەن لەگەڵماندا دەژین نەکەنە جەنگی ئێمەو ئەو میللەتانە، بەڵکو سوود لە ناکۆکی هێزە بەرهەڵستکارەکانی نێو خۆی ئەو وڵاتانەش وەر بگیرێ و لەڕێی ئەوەوە کەئەو ڕژێمانە دوژمنی هاوبەشی هەردوو لامانن بناغەی پەیوەندیەکی بەرابەرو یەکسانی نێو گەلانیان لەگەڵدا دابمەزرێ ... و هەم ئەو خۆ لەبیر چوونەوە و نهلیستیەش لە مێشکی کاکە (س. ن) و هاوەڵانیدا بڕەوێتەوەو نەبنە قەوزە بێ بنج و بناوان بەسەر هەموو بۆگەناوێکدا بنیشنەوە.

# بانگی لە سەنگەری یاسوکەوە

هاوبیرانی بەڕێزو هێژامان
سڵاوی ئازادی و یەکسانی ...

ئیمڕۆ لەتەک بیرەوەری بیست و سێ ساڵەی شۆڕشی ئەیلولی مەزندا یادی پیرۆزی نۆیەمین ساڵەی ڕسکانی حیزبمان دەکەینەوە کەبە دروشمی ( پێش ئەوەی هەر شتێ بین .. دەبێ کورد بین) پێ ی ناوەتە قۆناغێکی نوێی خەباتەوە ... پیرۆز بایی ئەو جووتە یادە پیرۆزەتان لێ دەکەین و هیوای پێشکەوتن و سەرکەوتنی بەردەوامتان بۆ دەخوازین . حیزبی ئێوەو هەمو دڵسۆزانی شۆڕشگێڕی کورد لە ۱۱ ی ئەیلولی ۱۹۷۵ داو لەژێر دارو پەردوی هەرەس پێ هاتووی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دا دەنگی ویژدانی کوردو ویست و خواستی بزووتنەوەی کوردایەتی بوو، بەسێ شا دروشمی بەرنامەی سەرومری کوردایەتیەوە هاتە مەیدانی خەبات و چالاکیەوە - ( تامل کەچی یەکی نەخستووین ...با بۆ ئازادی یەکگرین ) مبرڕی هەرە قوڵ و زیندوو وبەردەوامو خەباتی کوردایەتی: ( بەرەیەکی کوردستانی ی یەکسانی هاوتا ) کەرەسەی لەبارو گونجاوو کاریگەری ئەو خەباتەو زامنی سەرکەوتنمان: ( پێش ئەوەی هەر شتێ بین ... دەبێ کورد بین) ستراتیژیەتی گشتی و ڕێبازو " نهج" ی سیاسەتی بزووتنەوەی کوردایەتی.

کە ئیمڕۆش ئاوڕ لەهەشت ساڵی مەینەتی و نەهامەتی و شەڕی کورد کوژی و ئابڕو بردن و هەزارو یەک فرسەت لە دەست چون دەدەینەوە، ئاشکرا دەبێ کە گومڕایی و پشت

هەڵکردن لە ستراتیجیەت و سیاسەت و پێویستی و پێدا ویستەکانی کوردایەتی هۆی سەرجەم ئەو نەهامەتیانەن...بۆیە تاکە ڕێگە تەنها و تەنها گێڕانەوە سەر هێڵی ڕاستی کوردا یەتییە و تاکە چارەسەری هەموو کێشەو ناتەواوی وئاڵۆ-سکانی باری ئیمڕۆی بزووتنەوەکەمان گرتنە بەری ئەو ستراتیجیەتە هەڵقوڵاوەی ناو ناخی کۆمەڵگەکەمانە.

ئێمە دڵنیاین لەحەتمیەتی سەرکەوتن و پاکتاو بوونی هەموو لارێ و هەڵدێرە دەست نێژەکانی نێو بزووتنەوەکەمان ... . بڕوامان پتەوە بەوەی کە ئەو پێویستی و پێداویستانەی خەباتی نەتەوایەتیمان دێنە پێش و دەبنە ڕاستی چەسپاوی هەمیشەیی ... چۆن [illegible]ند ساڵێ لەمەوبەر بیری نەتەوایەتی ڕەسەن و باوەڕی جی[illegible]ن [illegible]ارەی (( مافی دیاری کردنی چارەنووس )) دروشمی ڕ[illegible]تە [illegible] خۆیان ناڕاستەو خۆی سەر جەم باڵەکانی بزووتنەوەی [illegible]وردایەتی[illegible]، ئاواش سبەی هەموو گەندو سەپاوو بازرگانە کور[illegible] خۆ[illegible] ڕادەماڵرێنە چاڵی شەرمەزاری و خەتی ڕاست و خزم[illegible] گوزاری کوردایەتی ڕەسەن باڵی پیرۆزی دەکێشی بەسەر خەباتی ڕزگاریخوازا-نەماندا و تەنها ئەوانە دەتوانن پشوو هەڵێنن کەلەژێر ئەو سایەدا و بەگیان و ستراتیژیەتەوە لەمەیدانەکەدا دەمێنێتەوە.....

ئەرکی زوتر گەیشتن بەو پلە باڵایەی خەباتی کوردایەتیش دەکەوێتە سەر ئێوەو چەندایەتی و چونایەتی و ئەندازە و پلەی بەئاگایی و بەئاگابوونی ئێوەیە ( حەماموکەی کورد فرۆشی ی) بەسەر بێ ویژدانانەدا دادەتەپێنی!...

هاوبیرانی پاسۆک :

ئێوە سەربازی گوم ناوی کوردن، و مەشخەڵ هەڵگری بیری

پیرۆزی کوردایەتین، بابارو ئەرکتان لەبارست بەدەربێت، بەڵام ئەو سەروەریەتان بۆ دەمێنێتەوە کەلەبەرانبەر ( تحدیٰ ) ی مێژوویدا وەک جیاکانی کوردستان خۆ رادەگرن و رێچکە شکێنی ڕێبازی دروستی کوردایەتین .

ڕیزەکانتان پتەو ترکەن ... کورد ترو کورد ترو کورد تر بن ... خەڵکی مەزن ئەوانە بوون کەنەتەوەکەی خۆیان لەهەر شت خۆشتر ویستوە و ( بەرژەوەندی میللیان خستۆتە سەروو هەموو اعتبارێکەوە ) و هیچ گوێشیان بە حەب وەڕی دوژمنان و خۆ فرۆشان نەداوە... دۆستی بەئەمەک و دوژمنی جوامێر بن ... دەستی هاوکاری و برایەتی مەدەنە دواوەولە بەر دوژمنایەتیش هەڵمەیەن ... دۆستایەتی کەس بە دوژمنایەتی مەکڕن و دوژمنایەتی کەسیش لەبەر دۆستایەتی کەس نەکەن . ڕقی پیرۆزو ڕەوالە داگیرکەران لەناخو ویژدانی جەماوەردا بڕوێنن، فێر بن و فێریان کەن کە چۆن و چەند میللەتی خۆیان و چەوساوەو گەلانی دنیایان خۆش بوویت ، چۆن و چەندیش ڕقیان لەداگیرکەر و چەوسێنەرو ستەمکاران بێ ( ئازادی و یەکسانی ) بەگیان بوونتان بستێنن و بی یاریزن.

هەر بژین بۆ کورد

هێزی پێشمەرگەی پاسۆک

### *** کـەمـەی مفـاوضـات !!

لە سەرەتای مانگی حوزەیراندا ئێستگەی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ووتارێکی لەژێر سەرە دێری (عێراق و مەسەلەی کورد) دا بڵاو کردەوە، لەسەرەتاوە وەکو پێویست مەسەلەو کێشەی کوردیان دابو بەر سەرنج و تا رادەیەکی زۆریش دەستیان لەسەر ئەسڵی مەسەلەو کێشەکە دانابوو، کورتی و کوردیەکەی مرۆڤ ئەوەی لێ تێ دەگەیشت کە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی بە پیلانێکی گڵاوی دەوڵەتە ئیستعماریەکان گەلی کورد دابەش کراوەو سنووریان لە نێوان نەتەوەی کورد دا هەلچنیوە. پارچەیەک لەکوردستانە داگیرکراوەکەیان بێ ویستی گەلەکە و بەدزی بچوکترین سەرەتاکانی مافی مرۆڤایەتی و داد و رەوایەتی و بەتۆبزی بەعێراقی عەرەبیەوە دادووریوە و بەهەموی نێوی عێراقیان لێ ناوە... لەوساوە حکومەتە ئیستعماریەیەک لە دووی یەکەکانی عێراقی لەهەوڵی لەقالب دانی کوردو داڕنینی کوردستاندا بوون، ئەم هەوڵ و کردەوە شۆڤێنیە رەگەزپەرستانەیەش لەسەر دەمی ئەم بەعسیە چەپەڵانەی ئێستە حوکمی عێراق دەکەن گەیشتۆتە چڵە پۆپەو ترۆپکی وحکومەت بەهەموو شێوەو جۆرێ هەوڵی لەنێو بردنی بوونی نەتەوایەتی کوردی داوەو دەیدا... نەسیحەتی بەعسیانیش دەکا کە دەست لەم کارانە بەردەن و مامەڵەش لەگەڵ مەسەلەی کورد دا وەک و مەسەلەی میللەتێکی خاوەن بوونیکی نەتەوایەتی تایبەتی بکەن...

هەرچەندە هەندێ بۆچوون و هەڵسەنگاندن و دەربڕینێکی گفت‌و گۆ و دەمەتەقێ هەڵدەگرێ و سەر لەبەریشی دژ و ( تناقض)ە لەگەڵ کارو کردەوەو ڕەفتاری ( عملی ) یاندا ... ئەوا هەر بەجارێ ناکۆکە لەگەڵ دەقێ ئەو پڕۆژە زەردەی بە نێــوی ( قانون الحکم الذاتی لمنطقه کردستان المعــــدل )دا داویانەتە ( صدام )!... بەڵام ئێمە چاو لەو لایەنەی‌دەپۆشین کە ڕاستیەکەی قابیلی چاو پۆشین نیە، چونکە ( ڕەفتــار بواری قسانە ) و ( تەتبیقی عملی سەنگی مەحەکی تیورو بۆ چوونەکانە ) ... لای خۆمان ووتراوە ( خاس دەڵێ و خــراو دەکا )... لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خۆزیا و سەد شاڵلا ئەو قسانە بەرنامەی کارو کردەوەو ڕەفتاریان بوایەو لەجینسی ( قول الحق یراد به الباطل) نەبوونایە، ئەوسا نە خۆیان بەسەر ئەو تەڵەیە هەڵدەتەقاند و نە ڕەخنە ئۆباڵــی مێژوویان دەهاتە مل و بەو جۆرەش وەتاق نەدەکەوتنەوە و لەم دنیایەدا نەدەبوونە دۆست و هاوکاری ( صدام ) و زەرەر و زیانێکی زۆریش بۆ کورد دەگەڕایەوەو ئیمڕۆ بزووتنەوەی کوردایەتی لە قۆناغێکی دیکەدا دەبوو...و ... و ...و ئێمە قسەمان لەسەر دوا ووتاری ئەو زنجیرەیەیە کەلە ١٩٨٤/٦/٨ دا بڵاو کرایەوە چوونکە هەرچی لەو ووتارەدا هاتووە تەواو پێچەوانەی ئەو سەرەتاو بەرچاو خستنانەیە کە لە ووتارە کانی پێش‌خۆیدا هاتووە و هەر بەتەواوی ( ضدو نقیض ) ودژو دژواری یەکترین ... ئەوەی لەم باسەش بەدەنگمان دێنــی تەنها ئەو گەمە ڕەزا گرانە عەوام خەلەتێنە و دیماگوگیەتە سووک و ریسوایەیە کەبەسەر هۆش و هەستی جەماوەرەکــەی دێتن و ئەسڵی هەموو چەواشەکەری و بەڵایەکە...

ووتارەکە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ( ی . ن . ک ) گەمەی

مفاوضات ناكات و بۆ نەخشەی حكومەت نایەتە ڕایە!،ئەمە لەكاتێكدا كە چەند مانگە حكومەت زۆر بە ئاشكرا و سووك و سەلیمانەش نەك (گەمە) بەڵكو (قونە) ی مفاوضاتیشیان پێ دەكات و بەجۆری لەگەڵیاندا ڕەفتار دەكات هەتا كۆنە جاش ڕەشۆكیەكانی پێش ئەمانیش قەبوڵی ناكەن و دەردێكی بەسەر هێناون كەكەم وا هەڵدەكەوێ كەسێ لە خوێنیشـدا گیرابێ ئەو سووكایەتیەی پێ بكرێ ... هەر پاڕانەوەو پاكانەو (منطق) ی پڕ شەرم و شورەیی ئەم ووتارەیان بەسە بۆ دەرخستنی ئەو زەلیلی و ڕیسوا بوونەی بەسەر خۆیاندا هێناوە!... بۆ دەبێ پێیان وابێ ئەم بەعسە بەوەندە بەزەیی دەجولێ و دڵی نەرم دەبێ كە (هەڵگیرساندنی جەنگ لەنێوان عێراق و ئێران دا هەم فرسەتێكی بۆ گەلی كورد هەڵخست ئەگەر بیەوی سوود لەناكۆكی ئەو دوو دەوڵەتە وەربگرێ و هەم فشار و زەختی عەسكەری لەسەر پێشمەرگە كەم كردەوە...) كەچی ئەمان لەبەر خاتری بەعس و ڕژێمەكەی صدام هەم ئەم فرسەتەیان لەدەست كورد داو هەم ئەمان فشار و زەختی عەسكەریان لەسەر پێشمەرگەی كوردستان زیادو زیاتر كرد و شۆڕشی كوردیان بەشەڕی نێو خۆ و لاوە لاوە خەریك كرد!؟. بە جۆرێكی وا كە بەعس خاتر جەم بێت و بێ ترس و دڵنیاییەوە لەوەی كە پشتی پارێزراوە لە جەنگەكەی لەگەڵ ئێراندا ڕۆچێ ... هەر ئەوە نیە كە لە ووتارەكەدا زنجیرەی دەیان و سەدان بەڵگە سەر هەڵدات و وەك و نمونەیەكی بێ وەفایی و پێ نەزانین بەعس لەتەك هاوارو لالانەوەكانی دیكە بێتە زمان!....

بەڵێ: (ی . ن . ك) كە وەك و خۆی ڕایدەگەیەنێ كە (گەورە ترین هێزی سەربەخۆ و بە جورئەت....) بووە و خۆی خستۆتە

خزمەت و بەختی بەعسەوەو" هەم فرسەتی " هەڵکەوتووی لە دەست گەلی کورد داو هەم " فشارو زەختی عەسکەری" لە سەر پێشمەرگەی کوردستان زیاد کردو ئەمەش بەولای " بە جورئەت" یەوە و تا سنووری بێ ئابڕووی و پەردەی حەیا و حورمەت دڕینیش ی بردوە ... کەچی هێشتا حکومەت حسێبی ( مەلا ماتۆڕ ) و ( شێخ ستار ) و گەڵە جاشەکانی دیکەشیان بۆ ناکات و ( گەمەی مفاوضات ) یان لەگەڵدا دەکات !..هەر ئەوە نیيە زمانی حاڵی ووتارەکە لەداخاندا بڵێ( هەزار ساڵ بکەیت بێگانە پەرستی ئاخری هەر دەهێنی نشووستی!....) بەڵام خێرا بەرەی ( جود ) ی بەبیر دێتەوەو دەکەوێتە خۆ هەڵدانەوەو دەڵێ ( بەپێچەوانەی هەموو درۆ و دەلەسەکانی لایەنەکانی "جود" ەوە کەلە ئێرانەوە ئەوەڕین دەیان نەبەردی گەورەی لەسەرتاسەری کوردستاندا ئەنجام دابوو و شەڕی گەیاندبووە ئەو پێ دەشتانەی کەلە شۆڕشی ئەیلوولیشدا نەیگەیشتبویە ). دەی خۆزیا ئەوان ڕاستیان بکردایە و برەویان بەو ( دەیان نەبەردانە ) بدایەو شەڕیان لەو ( پێ دەشتانە ) توند کردایەو بەعسیان بهێنایەتە سەر چۆک با لایەنەکانی ( جود ) لە ئێرانەوە هەر بۆخۆیان ( بوە ڕینایە !!)، دەبێ ئەو کاروانە دوَن کیشۆتیەی ئەوان بۆ لە ( وەڕینی لەئێرانەوە ) بگەڕێتەوە؟ لە کاتێکدا وەک و دەڵێن ( یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەلەرووی سیاسیەوە نەلە رووی پێشمەرگەییەوە لاواز نەبوو بەڵکو بەهێز بوو، شۆڕشی گەلی کورد لەمەترسیدا نەبوو..... ) ئەدی دەبێ نهێنی کارو ئەم خۆ بەدەستەوە دانەی ئەمان چی بووبێ؟ ئەرێ ( وەڕینی) ێکی دەرەوەی سنوور بەشی ئەوەندە دەکات و عوزری ئەوەیە ( ی . ن . ک ) خۆی تەسلیمی بەعس بکات ؟!

لێرەدا هەم وەک عوزر هێنانەوە و هەم وەک بەرتیلێکی سووک و ڕیسوا بەبەعس بەهانەی ئەوە دێننەوە و دەڵێن : ( عێراق لەمەترسیدا بوو. وە شۆڕشی گەلی کورد پێویستی بەوەستاندنی شەڕ نەبوو بەڵکە عێراق پێویستی بە وەستاندنی شەڕ هەبوو! ...)!!.....

کەواتە ئەمانە بە سووک و ئاسان خۆیان کردۆتە بەلاوەگێڕی بەعسی و شۆڕشی گەلی کوردیان کردۆتە قوربانی عێراق!...

کام بەعس و کام عێراقەش ؟!

ئەوەی بەدەمی خۆیان و لەهەمان ووتاردا ڕایان گەیاندوە کە ((کاربەدەستانی عێراق چەندین ساڵە خەریکی جێ بەجێ کردنی نەخشەی لەناو بردنی کوردن ... نەتەوە پەرستەکانی عەرەب کورد بەغەریب ئەزانن و ئیدیعا ئەکەن کە وەک میوان لەسەر ئەرزی عەرەب دانیشتون لەبەر ئەوە ڕێگەو شوێنی دەرپەڕاندنی و لەناو بردنی دائەنێن و بەشێکی زۆریشیان بە بەهانەی ئەمنی ستراتیجیەتی عێراقەوە جێ بەجێ کردوە...))

کەواتە ئەمان بۆیە بەتەنگ عێراق و کاربەدەستانیەوە دێن و شەڕیان لەگەڵدا ڕادەگرن لە پیاوەتی ئەوەی ( چەندین ساڵە خەریکی جێ بەجێ کردنی نەخشەی لەناوبردنی کوردن ...))!!، بۆ ئەوەیە ئەو فرسەتی لە ( ناوبردنی کورد ...)ە لەدەست کاربەدەستانی عێراق نەچێ و بکەونە سەربارتر ( نەخشەی لەناو بردنی کورد ...) هەتا دوا سەرەنجامی جێ بە جێ بکەن !! ئەمان بۆیە کورد دەکەنە قوربانی ((نەتەوە پەرستە کانی عەرەب )) چونکە ئەو ( نەتەوە پەرستانەی عەرەب )ی پێیان وایە کورد میوانی سەر خاکی عەرەبەو دەبێ بە دەر نرێن ... تا ئێستە ((بەشێکی زۆریان بەبەهانەی ئەمنی ستراتیجیەتی عێراقەوە جێ بە جێ کردوە )) و ئەم جەنگی

عێراق و ئێرانە دەستی بەستوون کە ئەو بەشەی ماوەتەوە جێ بە جێ بکەن ... جا لەبەر ئەوەی ئەو ( فرسەت)ەی جەنگی عێراق و ئێران بۆ کوردی هەڵخستوە نەبادا کورد بیقۆزێتەوە، بۆ ئەوەی دەرفەتی جێ بە جێ کردنی هەموو نەخشەکەیان لە دەست نەچێ ( ی . ن . ک ) کە ((لە ڕوی پێشمەرگەییەوە لە سەرکەوتندا بووە و هەم لە ڕووی سیاسیەوە لەهەڵوێستێکی بەهێزدا بووە و ( ی . ن . ک ) بە پێچەوانەی هەموو درۆ و دەلەسەکانی لایەنەکانی ( جود ) ەوە کەلە ئێرانـــــــەوە ئەوەڕین )) بەهێز بووە... شەڕی ڕاگرت و چووە ( گەمـــەی مفاوضات )ەوە !! دەشزانن کەبەعس ( کەڵک لە مفاوضات وەردەگرێ وەک و گەمەیەک بۆ تێشکاندنی شۆڕشی گەلـــی کورد، نەک وەک و ئوسلوبێک بۆ چارە سەرکردنی کێشـــەی نەتەوایەتی گەلی کورد...) کەچی هەر سووریشن لەسەرئەو " گەمە " یە و هەر پێیان وایە کە ئیمکان دەبێ حکومەت دەست بەرداری سیاسەتی شۆفێنیانەی بێت و ئامادەن - ( بـــــۆ چارەسەرکردنی کیشەی نەتەوایەتی گەلی کوردو لابردنـــی زۆڵم و چەوساندنەوە لەسەری ...)- !،

دەی ئێستەش پێیان وایە حکومەت " گەمەی مفاوضات" دەکات و ئەمان نایکەن ؟!

هەشتـــان بەسەر ئەمە گەمەی بێ بن کردنی سیاسیە !!(*)

**********************************

(*) ئەمە بەشێکە لەهەڵسەنگاندنی ئەو ووتارە و هەمـــوو بەشەکانی لە فرسەتێکدا بە نامیلکەیەک دەخەینە بەر دەستی خوێنەرانی هێژا .

- ئالا -

# بەریزی ئازاد

لە کۆتایی مانگی ئابی ١٩٨٤ دا، بە هۆی هاوبیرانی سەرکردایەتی لقی ئەوروپای حیزبمانەوە، بانگەوازێکی خێر خوایانە و دڵسۆزانەی کاک (ڕەوەند کوردستانی) مان گەیشتێ، کە بانگەوازێکە بۆ (هەموو پارت و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی کوردستان، هەموو ڕوناکبیرانی کوردستان و هەموو کوردێک لەکوردستان و دەرەوەدا) بۆ پێکهێنانی "کۆنگرەی گەلی کوردستان" ...)، ئێمە لەکاتێکدا دەستی ڕێزو حورمەتی دڵسۆزیی دەنێینە سەر ئەم هەست و هەوڵ و دەست پێشکەریەی کاک (ڕەوەند) و هاوەڵانی و ئامادەگی تەواوی خۆمان دەردەبڕین بۆ بەشداری و پێکهینان و سەر خستنی ئەو (کۆنگرە) بەو هەر جۆرەو شێوەیەکی دیکەی پێک گەیشتنی دڵسۆزانی نەتەوەکەمان و داواش لە هەموان دەکەین کە بە پیر ئەو بانگەوازەوە بچن و بیکەنە نوقتەیەکی (انطلاق) بۆ قۆناغێکی نوێی پێویستی ی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان ... حەزمان دەکرد دەقی (بانگەوازەکە) بڵاو کەینەوە، کەبەداخەوە هەندێ گرفت و کۆسپی چاپەمەنی بە تایبەتی لەبەر درێژی بانگەوازەکە ـ ئەو فرسەتەی نەداین، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بانگەوازەکە بۆ چوون و بانگ ڕاهێشتن و داوایەکی هێژاو دڵسۆزانەو بە پێزە کە لەناخەوە هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

وا لە خوارەوە دەقی وەڵامی (مەکتەبی سیاسی) بەڕێزی حیزبمان و هاوبیرانی تێکۆشەری (سەرکردایەتی لقی ئەوروپا) مان بڵاو دەکەینەوە:

## ئەوەی مەکتەبی سیاسی

برای بەڕێزو هێژا کاکە ( ڕەوەند کوردستانی ).

سڵاوی ئازادی و یەکسانی ....

بەهۆی هاوبیرانی ( سەرکردایەتی لقی ئەورووپا )ی حیزبمانەوە ئەوبانگەوازەتمان گەیشتێ کەلە حوزەیرانی ١٩٨٤ دا داوتانەتە ( هەموو پارت و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی کوردستان، هەموو ڕووناکبیرانی کوردستان و هەموو کوردێک لە کوردستان و دەرەوەدا ) بۆ پێکهێنانی " کۆنگرەی گەلی کوردستان " پێشەکی دەستی ڕێزو قەدر زانین لەو گیان و هەست و هەوڵەتان دەنێین و بە کارێکی هێندە جوامێرانەو دڵسۆزانەی دەزانین کە دەشێ بەسەرەتای قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی میللیمان دەست نیشان کرێ و مژدەی ئاسۆی سەرفرازیی نەتەوەکەمانی تێدا بفامێنەوە...

حەز دەکەین بەم خاڵانە لە ڕاو باری سەرنج و تێبینی خۆمان ئاگادارتان کەینەوە:

١- ئامادەگی تەواو تەواوی خۆمان، وەک لە وەڵامی هاوبیرانی " سەرکردایەتی لقی ئەورووپا " مان دا هاتبوو، دووبارە دەکەینەوەو بەڕەسمی ئاگادارتان دەکەینەوە کە هەموو تواناییەکمان دەخەینە سەر " زخم " ی ئەم کارە پیرۆزە. مەبەست و ئامانجی پێشنیار کراوی " کۆنگرە " مان لا پەسەندو بەلای ئێمەوە دەست دەدات بکرێتە بنکەی تێک گەیشتنی هەموو دڵسۆزانی نەتەوەکەمان و سەرەتای کارو پاشان فراوان ترو لەبار ترو گەشەدار تریش کرێت.

٢- لەبەر بارو هەل و مەرجی تایبەتی نێو وولات و خۆمان

هاوبیرانی " سەرکردایەتی لقی ئەوروپا " مان بەدەسەڵاتو "تخویل" ی ئەواوەوە ڕادەسپێرین و دەسەڵاتی نوێنەرایەتی کردنی سەر کردایەتی حیزبمانیان دەدەینێ کە بەشداری " کۆنگرە" کە بکەن و دەست لەهیچ و هیچ شتێ نەگێڕنەوە بۆ پێکهینان و سەرکەوتنی " کۆنگرە"کە و خۆشمان هەر هەوڵ دەدەین - تا ئەو پەڕی توانامان - کە هاوبیرێکی ئەندامی ( مەکتەبی سیاسی ) لە نێو وولاتەوە بۆ ئەم مەبەستە بنێرین.

٣- لەبەر پەرۆشیمان بۆ مەسەلەکە و بەنیازی سەرکەوتنی ئەو هەوڵە ئەم تێبینی و سەرنجانەمان و ئەوانی دوا تریش دەخەینە بەر چاوی بەڕێزتان ...

أ- بەر لەم بانگەوازەو هەر لەم چەند ساڵەی دواییەدا چەند جارێک هەوڵی لەم چەشنە دراوە، هەرچەندە زۆر بەداخەوە و لەگەڵ ڕێزماندا بۆ ئەو براو لایەنانەی بەم ئەرکە پیرۆزە هەستاون و هەمیشەش ئێمە ئامادە بووین، ناچارین ئەوە بڵێین کە - ئەگەر نەڵێین هەمووی ! - بەشێکی زۆریان یان بۆ خۆڵ کردنە چاو و لەبار بردنی زەمینەو باری ئەو پێویستیيە بووە کە دەمێکە کاتی ئەوەی هاتووە هەنگاوی بۆ بنرێت ..یان بەشێک بووە لە ( مزایدات ) ی سیاسی و وەتاق خستنەوەی ئەم یان ئەو ناحەزە سیاسیيەی کوردی و کۆمەڵ و جەماعەتە ... یان هەر لەبنەڕەتەوە هەستی ( هەست بە مەسئولیەت کردن ) و گومڕایی و بەرچاو تەنگی ی سیاسی هەوڵە خێرخواکانی هەر لەسەر لانکەوە تاساندووە!!..... دیارە باری زۆر ئاڵۆزی مەسەلەی کورد و کێشەی تیراویی ناکۆکی ونانەبایی

و دوژمنایەتی شەخصی و حیزبی و بنەماڵەیی نامەوزوعیانە و نادروست و ناشەریفانەی هێزە سیاسییەکان بارێکی وایان پێش هێنابوو و هێناوە کە ئەم پێویستی و ئەرک و هەوڵە خێر خوایانەیەنە بەرو هەر داگیر کەرو ناحەزو گومڕا و دوژمنێکی نەتەوەکەمان بتوانن لەو گۆمە لێڵەدا مەلە بکەن.

ب- گەورەترین کۆسپ لەم سەرەڕێیەدا (مەرج و مەرج کاریی) و بەکارهێنانی مافی "ڤیتۆ"و داوای نارەوای دوورخستنەوەی ئەم لایەن یان ئەو لایەنە بووە، کە دەبێ بەهیچ جۆرێک لەکەسی نەسەلمێندرێ ... هەموو ئەوانەی لەبەرەی گەل و سەنگەری کوردایەتیدان، جا هەر بیرو بیرکردنەوە و ئایدولۆجیەتێکیان هەبێ و چ گچکە و لەسەر تا سەری کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش مافی چوون یەکی بەشداری کردنیان هەبێ و بە تەنیا ئەو مافە بەوانە نەدرێ کە چ وەک تاکە تاکەو چ وەک پارت و کۆمەڵە بەشێک بن لەداگیر کەران و لە سەنگەری دوژمندا بن ...

ج- زۆر جێ ی خۆیەتی و پێویستە کەس و کەس هەڵنەبوێردرێ و داوەتی هەموو پارت و ڕێکخراو و کەسێکی دڵسۆز بکرێ، بەڵام هەرگیز مەرج نییە هەمووان بەشدار بن یان یەکی کارێکی وا لەسەر نەهاتنی ئەم یان ئەو بخرێت. ئەوانەی کە ڕێیان پێ نادرێت بەشداری بکەن! و بەرژەوەندی تەسکی شەخصی و حیزبایەتی و کەف و کوڵی دەروونی ی و زاتی ی خۆیان پێش سوودو ئەرکی میللی دەخەنەوەو دڵی ناحەزان و داگیرکەرانی کوردستانیان پێ ناشکێ! و ئاین و ئوێنی بێ سەرو

پا قوت دەکەنەوە،نابێ سەرو ئیرادەی جەمـــاوەر بکەونەوەو خەڵکانی دڵسۆز بچنە ژێر باریانەوەو بەر بە ویست و بریاری بەرەی دڵسۆزان بگرن. هیچ گومان لەوەدا نییە کە ممکن نییە لەیەکەم هەنگاوەوەهەمووی رەگەڵ کاروانەکە کەون ... بۆیە نابێ کاروان لەسەر ئەوانە پەکی بکەوێت.

د- لەگەڵ ئەو ڕاستیانەی سەرەوەشدا بەرێزتان لەزێدە دڵسۆزی و جوامێری و هەستی سەر هەڵگردوی ڕەوا ی کوردایەتیتانەوە - و کەمێ لەبەر دووریتان لـــە ساحەکەوە - لەوانەیە هەندێ کێشەو گرفت و کۆسپی ناچاری و خۆڕسکی ی زادەی کەڵەکە بوونی ناکۆکیەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بچوک تر لەوەی هەیە ببینن ، یان لە نێو حسێبانی نەخەن، هەرچەندە بەڕای ئێمـــە هیچ و هیچ شتێ سەرو ئەرک و پێویستی ی باڵای میللی ناکەوێتەوە کە ئەم کۆنگرەیە بەشێک و هەنگاوێکـــە لێ ی، بەڵام لەبەر ئەوەی هەمیشە شتەکان وەکـــو خواست و پێویست وبە( منطق) و (دەبێ و پێویستی) نایەنە پێش و لەبەر خاتری سەرکەوتنی ئەم هەولـــەو تا ڕۆژی دێ پارت و رێکخراو و خەڵکەکە دەق و بارێکی گشتی و کار بە کۆمەڵ و ( سەرتا سەربینی و"هەستی مەسئولیەتی کۆمەڵایەتی" ەوە دەگرن)، دەبێ ئـــەو ( خوردەوات ) انە بەرچاو بگیرێ و تا ئەو شوێنـــەی کارو ئەرکە سەرەکی و بنجیەکان پەک ناخەن پشومان لەتەکیاندا درێژ بێ، بۆیە ئێمە پێمان وایە کـــە کارێکی وا مەزن و پڕ ئەرک و تاک و چارەنووس ســاز بەتەنێ بە ( بانگەواز)ێک و بەو پەلەیە پێک نایەت

خوا نەخواستە و خوا بکات ئێمە لەمەدا بەهەڵەدا چوبین و لەمەش ئاسان تر بێتە دەست ـ لەوانەیە کاری وا پەلە و پێش ئەوەی بناوانی چاک چاک هەلبەستریٚ سەرەنجامی "سلبی" یشی هەبیٚ... بۆیە زۆر بە پەرۆش و دلسۆزی و ڕووی بەتەنگەوە هاتنو ویستی "جدی" یەوە پێشنیاری ئەوە دەکەین:

(١) لیژنەیەک ، سیٚ چوار کەس، کۆمیتەیەک لەکەسانی پاک دامێن و ناحیزبی و ئایدیالی جیا جیا پێک بیت ـ هەر بۆ نمونەو ڕوونکردنەوە، نەک دانان و ڕا لەسەر دانی ئێمە، دەلێین وەک و برایان کاک "صەباحی غالبی ، کەمال میراودەلی ، دکتور کەمال عەلی،ئەنور (فەرهاد) شاکەلی ، بۆزو ئەرسەلان، موحەمەد رەسولٚ هاوار و ئیدی ...ـ و ئەمان ئەرکی ئامادە کردن و سازدان و خۆش کردنی "کۆنگرە" کە بگرنە ئەستۆ.

(٢) سندوقێکی هەروا دەروێشانە لە پیتاک و یارمەتی و کۆمەکی پارت و ڕێکخراو و کەسانی خێر خوا دروستکریٚ کەبەشی ئەوەندە بکات پێویستی ماددی ئەرکی ڕاپەراندنی ئەم کارەی بیٚ مەیسەر بێ.

(٣) ئەم بانگەوازە بکرێتە تەختی ڕایەلی بانگەوازێکی فراوان تر کە (قاسم المشترک) ی بیرو باوەڕ و فەلسەفەو ئایدۆلوجیە جیاجیاکان بیٚ و هەتا دەکریٚ لەبیرو ئایدولۆجیەت و زاراوەو ڕەوش و سیاسەتی "محدد" و ڕەنگ بۆ ڕێزراوی ئەم لایەن یان ئەو لایەن خۆی دوور ڕاگریٚ، بە زمانی ماتماتیک دەبیٚ بە ڕاستی (قاسم المشترک الاعظم) ی هەمووان بێت .

(٤) ئەو لیژنە ، یا کۆمیتەیە هەموو پارت و ڕێکخراو و

گیان و هەست و هەوڵە دەنێین ....
لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزماندا ...
هەر بژین بۆ کورد.

مەکتەبی سیاسی
پارتی سوسیالیستی کورد
- پاسۆک -
١٩٨٤/ ٨/ ٢٥

## وەڵامەکەی لقی ئەوروپا

بەڕێز کاکە "ڕەوەند کوردستانیی"
سڵاوی ئازادی و یەکسانی ...

دەنگی زوڵاڵی دڵسۆزانەو هوشیارانەتان لەو بانگەوازە بەنرخەتاندا بە دەستمان گەیشت. لە دڵسووتانتان و بە پەرۆشی و وورییایتان بۆ کێشەی ڕەوای نەتەوەکەتییان سوپاس و ڕێزو تەقدیری ی بێ پایانی خۆمان دەردەبڕین و پشتگیری تەواوی حیزبمان بۆ ئەو بانگەوازە پڕ بایەخە ئاشکرا دەکەین. شادین بەوەی دەنگێکی دیکەی هەق پەرست هاتە پاڵ دەنگی حیزبمان و خەونی چەند ساڵەمان هاتە دی و ڕۆشنبیرانی جەسوورو بەتەنگەوە هاتووی میللەتەکەمان ڕۆڵی پێویستی خۆیان دەبینن و ڕێبەرو ڕێ نیشاندەر دەبین و دەنگیان دەخەنە تەک هەزاران ڕاپەڕیو و خێر خوازی نەتەوەکەمان.

ڕووی مێژووتان سپی کردو لاپەڕەیەکی هەرگیز درەوشاوەو پڕ

شانازیتان بۆ گشت رووناکبیرانی نەتەوەکەمان تۆمار کرد هەر بەرخوردارین و وێنەتان فرەبێت .
دەقی بانگەوازەکەتانمان نارد بۆ بەرێزان هاوبیرانی ( سەرکردایەتی گشتی ی پارتی سۆسیالیستی کورد )پاسۆک بە هیوای بەزووی وەرامی ئەوانیشتان پێ بگاتەوە . تا ئەو کاتەش ئێمە بەنێوی لقمانەوە ئامادەی هەموو بەپیرهاتنێکەوەین و تکایە هەر ئەرکێکمان پێ سپێردراو چ پشکێکمان لە جێ بە جێ کردنی ئەو ئەرکە پیرۆزە مەزنە بەر کەوت بەم تێو نیشانە ئاگادارمان بکەنەوە .

سەرکەوتن بۆ ئێوەو سەرفرازی بۆ کورد

پارتی سوسیالیستی کورد
پاسۆک
لقی ئەورووپا

o—o—o—o—o—o—o—o—***********o—o—o—o—o—o—o—o

## ورشە

لە ڕێگادا لە پێش ورشە بێدارەکان
هەموو پەردەو دیوارەکان شەرمەزارن
لە ناویانا .. ئاواتە سەوزو گەشەکان
دینە بەر چاو
ڕەنگی زەردو بازو و ئامێز
کێلگەی دیم و نسارەکان
بو یەکبوونی گشت ورشەکان
چاوەنوارن ..!

# نامەیەکی کراوە بۆ داگیرکەران

عەبدوڵڵا پەشێو

تا چرای ئێمە نەسووتێ،
ئێوە: هەرگیز رووناکایی
نابینن بە چاوی خۆتان.
تا ئێمە دیل و کۆیلە بین،
هەر کۆت و بەند دەکەین بۆتان.

قڕمان دەکەن؟
هەشتان بەسەر!
(قڕیش کرێین هەر دیلیمان لەکیس دەچێ)
چ هەیە لە دیلی تاڵتر؟!
قڕیش کرێین هەر سەرکەوتووین
کوا لە کۆیلەی شەهید زاڵتر؟!

هەشتان بەسەر!
دوای مردنیش
لێ ناگەرێین ئاسوودە بن
لێ ناگەرێین،
کوردستانمان بکەن بە ماڵ.
لێ ناگەرێین،
گۆشتمان بخۆن وەک قەل و داڵ

گەر هیچ نەبێ

دەبین بە خاڵۆزەی بێستان،
زیوانی ناو دەغڵ و دانتان.
دەبین بە ووردە شوشەو زیخ
دەچینە ناو پارووی نانتان.
دەبین بەمار بە دوپشک،
دەخزینە ناو قەدی نوێنتان.
دەبین بەشیرپەنجە و میکرۆب،
ڕەگ دادەکوتین لەناو خوێنتان.
دەبین بەموو،
لەپەنجەی دەست و پێتان دێین.
دەبین بەزێرووی هەزار پێ،
دەم گیر دەکەین لە گەرووتان.
دەبین بە تامیسکەی سەر لێو،
سیچکە سڵاوەی سەر پێڵووتان.

هەشتان بەسەر!
دوای مردنیش هەر دێینەوە:
شایی بکەن –
دەیکەین بەشین!
پرسە دانێن –
کاستان دەکەین بە پێکەنین.
دەبین بەلەکەی زمان و
تانەی سەر چاو.
دەبین بە مووی ناو خۆراک و
خڵتی ناو ئاو!

هەشتان بەسەر!
تا چرای ئێمە نەسووتێ
ئێوە هەرگیز، ڕووناکایی
نابینن بە چاوی خۆتان.
تا ئێمە دیل و کوێلە بین
هەر کۆت و بەند دەکەین بۆتان!

تا مل کەچی یەکی نەخستووین،
با بۆ ئازادی یەکگرین!......

# مالاوا

صدام "حەکەم"!
گورگ پاسەوان!
شوان دانی لە گۆشت جیڕە!

مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، کە ساڵی بەو عەیامە لە گەرمەی مڵ ملانێ ی خێرو شەڕ، هەق و ناهەق دا، لە دوا جەولەی نەبەردی ئیمامی زەحمەتکێشان و چەوساوان - عەلی دەنگی ویژدان و عەدالەتی مرۆڤایەتی - پاش پەنجاساڵ لە دەستەو یەخەبوون و بەرەنگار بوونەوەی تاریکی (جاهلیەت) و ستەمگەران و چەوسێنەران و کوم بوون و گەلە کۆمەکەی لەشکری زوڵم و زۆر، لە پاراستنی ڕووی گەشی بڕوای تازە هەڵاتووی دەق نەگرتوو و پارێزگاریی تروسکەی خێرو فەڕی بە بن گڵەبانی هەوا و هەوەسەبووی ئاینەکە.... "عومەری کوری عاصی" ڕێوی کوری شەیتانی قورەیش فێڵی بەرز کردنەوەی قورئان و داوای "ناوبژی" و "تحکیم"ی وەک دوا تیری قەدەر گرتە لەشکری "عەلی" و بن پێ ی لاوازی ئەخیلی گرت.... هەرچەندە ئەو تیرە لەو سەدان و هەزارانەی دیکە کاریگەرتر نەدەبوو و نەیدەتوانی کار لەدیواری ویست و خواستی ڕەوای عەلی و یارانی بکات، ئەگەر لەبنەوە کەسانی وەک و (ئەشعەسی کوری قەیس)ی گومڕا بە زێڕو زیوی "معاویە" نەکڕدرابونایەو وەک پواز لە قڵیشی لەشکرەکەی عەلی نەدرانایە!، و عەلیان ناچار نەکردایە ئەو هەقەی بە شمشێر هەڵدەهات، بەدژی بیرو ویستی خۆی، بخاتە ویژدانی مردووی "حەکەم"انەوە!... وکە "عومەری کوری عاص"

یش بووە حەکەم ئیدی زیرەکی نەدەویست کە کار بە کوێرا دەکا!! و ئەوە بوو ئەو برینەی "عومەر"ی (حەکەم!) کردیە گیانی ئیسلامەوە ئێستەو ئەوساش هەر خۆش نەبۆتەوەو نەبۆتەوەو نابێتەوە....

ئەو ڕاگەیاندنە بێ شەرمەش (صدام بە "حەکەم!!" دەناسێ وئەوەش بە "حەکەم"ی دادەنێ (ئەشعەثێکی) دیکەی ئەم زەمانەیەو زێڕی "بنی امیە"ی بەغدا خەنجەری پێ لە پشتەوە دەوەشێنی... بەڵام جیاوازیان ئەوەندەیە هەر خۆی بەتاقی تەنیا دەبێ دادی بەرێتە بەر، چونکە دەمێکە گەل مێژووی کردۆتە (حەکەم) و حوکمی مەرگ و نەمانی بەسەر خۆی و ڕژێم و حیزب و دەوڵەتەکەیدا داوە....

تا ڕۆژی جێ بە جێ کردنی ئەو حوکمەی مێژوو....ماڵاوا!..

SOKSE

BOX 4019

16304 SPÅNGA

SWEDEN

Postgirot

702316-1 STOCKHOLM

پـــا رتـــی ســۆســیا لیستی کـــورد
پـــا ســـۆک
لقـــی ئەوروپـــــا
چـــاپ و بـــلاوی کردۆتـــــــــەوە